دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

# دیوانی سەودایی

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی
عوسمان هەورامی

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب ( كوردي , عربي , فارسي )
منتدى اقرأ الثقافي

کۆماری عیراق
وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن
دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
زنجیرەی ژمارە (٢٩٨)

# دیوانی سەودایی

شێخ ئیسماعیلی دۆڵان
١٨٤٢ـ١٩٣٧

بەشی یەکەم

ئامادە کردن و ساخ کردنەوە و لێکدانەوە و پێشەکی نووسینی
عوسمان محەمەد ساڵح هەورامی

منتدى اقرأ الثقافي

رقم الايداع في دار الكتب والوثائق
بغداد ١٤ لسنة ١٩٩٥

منتدى اقرأ الثقافي

کوردستانی ڕەنگینمان ، سەراپا مەڵبەندی ئیلهام‌و چێژی بێوێنەی ئەشقی ڕاستەقینەی بێ گەردە ، لە باوەشی گەرم‌و نەوموتۆڵی پڕ لە سۆزی بەرزیدا ، بە هەزاران ڕۆڵەی هەڵکەوتووی بەئەمەکی لێهاتوو سەریان هەڵداوە ... لەم مەڵبەندە هەمیشە بەهارەدا گەلێ شاعیری گەورەو بلیمەت بوونەتە پەروانەی ئەوینی نەبڕاوەو نەمری هەردوو دیدە گەشەکانی ... گەلێکیان لە بۆتەی خۆشەویستیی ئەم نازدارە ڕەسەن‌و ڕاستەقینەدا بە تەواوەتی جۆشیان خواردووەو ، لە جیهانی تایبەتیی بێ ئاگاییدا بوونەتە پریشکێ لە کڵپەی ئەشقی ڕاست‌و دروست‌و بێ گەرد ...

« سەودایی » یەکێکە لەو شاعیرانەی کە مەبەستی شەیدای پاک‌و بێ گەرد ، بەتەواوی ئەپێکێ‌و ، خۆش‌بەختانە هۆنراوەی ڕەوان‌و جوانی بۆ کردووینەتە دیارییەکی خنجیلانە ...

**شاعیر لە چەند دێڕێکدا(*)**

ناوی شێخ ئیسماعیلی دۆلان ـ ە ، لە ساڵی ( ١٨٤٢ ) دا ، لەدایك‌بووەو لە ساڵی ( ١٩٢٧ )دا کۆچی دوایی کردووە ... ئەم شاعیرەمان کوڕی شێخ حەسەنی کەس‌نەزان ، کوڕی شێخ حسەینی کەس‌نەزان ـ کە بە شای کەس‌نەزان بەناوبانگە ، کوڕی شێخ حەسەنی خاوێ ، کوڕی شێخ عەبدولکەریمی خاوێ ، کوڕی شێخ ئیسماعیلی ولیان ـ کە بە غەوسی دووەم بەناوبانگەو برای زانای گەورە ، شێخ حەسەنی گڵەزەردەیە ، کوڕی شێخ محەممەدی نۆدێ ، کوڕی شێخ عەلی وەندرێنەی بەرزنجەییە ...



منتدى اقرأ الثقافي

شێخ حسەین ـ شای کەسنەزان ، ئەم کوڕانەی لەپاش بەجێ مـــاون :

١ ـ شێخ حەسەن ـ باوکی شاعیر

٢ ـ شێخ کەریم ، مامۆستای ڕێبازو تەریقەتی قادریە ، مامی شاعیرەوەو لە هەمان کاتا مامۆستاشی بووە ..

٣ ـ شێخ مەحیەددین محیدین ( موجتیدذین )

٤ ـ شێخ عەلی

٥ ـ شێخ محەممەدی یەگان ، قازیی سلێمانی بووە ،

بێجگە لە شاعیرمان ، شێخ حەسەنی کەسنەزان ئەم کوڕانەشی بوون ئێستا نەوەیان ماوە :

١ ـ شێخ فەرەج ،

٢ ـ شێخ محەممەد .

٣ ـ شێخ حسەین . شاعیریش ئەم کوڕو کچانەی لە پاش بەجێ ماون :

١ ـ شێخ فەتتاح ، لە سلێمانی ، لەو گردە نێژراوە کە بە ناوی خۆیەوە ناوی دەرکردووە .

٢ ـ شێخ حەسەن .

٣ ـ سەید نووری .

٤ ـ شێخ طاهر .

٥ ـ شەمسەخان .

٦ ـ ئامینەخان .

---

(*) ئەم چەند دێرەم لە بەڕێز شێخ طاهر ـ کوڕی شاعیر ـ وەرگرت ، زۆر سوپاسی ئەکەم ..



منتدى اقرأ الثقافي

ئێستا شێخ طاهـر و ئامینەخـان لە ژیانـدان •• کە شاعـیر کۆچـی دوایی کردووە ، شێخ طاهر تەمەنی شەش مانگ بووە •

بنەماڵەی شاعیر ، پشتاوپشت لەسەر تەریقەتی قاردریـە هاتوونەتـە خوارەوەو لە ڕێی تەکیەو خانەقاکانیانەوە گەلێ ڕێنمایی کۆمەڵانی خەڵکیان کردووە بۆ خواپەرستی و ئایینی پیرۆزی ئیسلامو دوور کەوتنەوە لـە هەموو کارو کردەوەیەکی ناپەسەند •

بەپێی خشتەی پشتاوپشتی بنەماڵـەی شێخانی دۆڵان ، لـە دوای شاعیرمان ، بۆ دواجار ئەم ڕێبازو تەریقەتی قادرییە سپێرراوە بـە شێخ فەتتاحی کوڕی ••

لێرەدا جێی خۆیـەتی کـەمێ ژیانی تـەصـەووفی شـێخ ئیسماعیل بەسەربکەینەوە :

ساڵیوا هـەبووە سێ جار چلـەی کێشاوە ، دیارە چلـە کێشانیش لەجێی چەپەك و کل و گۆشەگیریدا ئەبێ ، کە پێیوتراوە خەڵوەتخانە ، یا چلەخانە •• شاعیرمان لە شوێنیوادا چلەی کێشاوە ، کە ئێستـاش کەس ناتوانێ بە ڕۆژی تیدەڕۆ تیایا هەڵبکـا ، لەسەرێکـەوە لەبـەر دووری و چۆڵەوانـی ، لەسەرێکیکەشـەوە چلەخانانـە •• بەمچەشنـە ئـەم پیـاوە دوورەپەرێزە لە جیهانی ماددەو دنیاپەرستی ، هەموو ساڵی چەند جارێ چل ڕۆژ ، لەم شوێنانەی خوارەوەدا ، بە دڵو دەروونێکی خاوێنو دوور لە هەواو فیزی ژیانی دنیاویستی ، چلەی خۆی کێشاوە :

١ ــ لای گوندی سەدو بیست •

٢ ــ دابلاخ ، کە لە شاخی بەراناتە •

٣ ــ ئەشکەوتی دۆڵانەقووڵ ، لە دۆڵان •

هەر کاتێکیش لە خەڵوەت دەرچووبـێ گەلـێ لە ناوداران چـوون بۆ سەردان و دیدەنی ، لەوانە ، شێخ مەحموودی نـەمر ، شـێخ قادری برای ، حاجی مستەفا پاشای یامولکی شێخ نەجیبی قەرەداخی ••



منتدى اقرأ الثقافي

**ئامادەکردنی ئەم دیـوانە :**

لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەمی ١٩٨٥ دا ، دۆستی بەڕێزم ، کاك سۆران مەحوی وتی : «شێخ طاهر دیوانی باوکی دایە لام کـە ئامـادەی بکەم بۆ چاپ ، بەڵام لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری بە شێوەی هەورامییەو ، منیش کەمێك لە شێوەی هەورامی شارەزام ، دامەوە لایو ، یادی تۆمان کردەوە کە ئەم ئەرکە بەجێبێنی •• پاش چەند ڕۆژێ لەگـەڵ دۆسـتی ناوبراوما چووینە دووکانەکەی شێخ طاهرو لەوێ بە دیداری شاد بوومو یەکتریمان ناسی و دەربارەی دیوانەکە گفتوگۆمان کرد •

دیوانەکە بـە خەتی کاك ستار فاتح نووسرابووەوە • ناوبراو لـە بنەماڵەی شاعیرە لە کۆتاییشدا سوپاسی مامۆستا حەمەئەمین زەنگی کردووە کە ئەرکی زۆری کێشاوەو دیوانـەکـەی لـە ڕێنووسی کۆن و خـەتی شکستەوە هێناوەتە سەر ڕێنووسی نوێ ••

پاش پیاچوونەوەیەکی زۆر بـە دەسنـووسی ناوبـراودا ، لـە ڕووی ڕێنووس ، ناوەڕۆك ، واتا ، لێکدانـەوە ، سـەرواو کێش ، پـاش‌وپێش کردن ، لابردنو کەم کردنەوە ، هەڵەی ڕوونوس کردنەوە ، ناتـەواویی زۆرم بەدیکرد •• لەگەڵ ئـەوەشا ، لـە هـەمان کاتا کـەڵکی زۆرم لێ وەرگرت و ماندووبوونی نووسەری زۆر پاش تیا بەدیئەکرا ••

هەر لە هەمان کاتا شێخ طاهرم ئاگادار کرد ، کە ئەگەر بیانەوێ ئەم دیوانە ساخ بکرێتەوە و ئامادە بکرێ، زۆر پێویستە ئەسڵی دەستنوو سەکەی شاعیر ، یا دەسنووسی دێرینەیتر ، بە دەسـت بهێنرێـت •• بـەمچەشنـە شێخ طاهر کەوتە کۆشش تەقەلایەکی زۆر ، تا لـە ئـەنجاماو دوای دوو مانگێ کۆمەڵێ پەڕەی زۆر کۆن و نیمچە پواوی بەسەریەکا دادووڕراوو هەڵوەشاوی بە خەتی شاعر پەیدا کرد ، ناوبەناو هەندێ لاپەڕەشیان تیایە بە خەتی شاعیر نەنووسراونەتەوە •• کە تکام لە شێخ طاهر کرد هەر هیـچ



منتدى اقرأ الثقافي

ئەبێ هەموو ئەو دەسنووسانە پەیدا بکا کە لە بەردەست کاك ستار دا بوون ، بە داخێکی زۆر قووڵەوە دەستی بەدەستا داو ، وتی : « ئەم پیاوە پیرۆزە کتێبخانەی گەورە و دەسنووسی تایبەتیی خۆی هەبوون .. بەلاَم هەزاران داخ ، کە ئەو کۆچی کردووە من منالێکی شیرەخۆرە بووم و تەمەنم شەش مانگ بووە .. ئا بەم چەشنە کتێب و دەسنووسەکانی بەرەوازە بوون و چەندان ساڵە بۆیان وێڵم و دەستم نەکەوتووە .. »

بەڵێ ، دوای پەیداکردنی هەندێ لە دەسنووسی شاعیر ، کەوتمە تۆمارکردنی بەرهەمەکەی ، بەمچەشنەو دوای پیاچوونەوەو بەراوردکردنێکی زۆر لەگەڵ دەسنووسەکەی کاك ستاردا ، هەرچۆنێ بوو ئەم بەشەمان لە دیوانی شاعیر بەدەست هێنا . دیارە کار و ڕەنجەکەی منیش لە ناتەواوی و کەم کووڕی بەدەرنییە ، بەلاَم لە هەمانکاتا کەمتەرخەمیو درێغیم نەکردووە .

سەرەڕای هۆنراوەی بە شێوەی هەورامیو سۆرانی ، شاعیر هۆنراوەشی بە زمانی فارسی دارشتووە ، لە دەسنووسەکەی کاك ستارو دەسنووسەکەی خۆیدا کۆمەڵێ هۆنراوەی فارسی تۆمار کراون .

هەروەها لە دەسنووسەکەی کاکە ناوبراودا ، هۆنراوەی زۆر هەن کە لە ئەسڵی دەسنووسەکەدا بەرچاو ناکەون ، جا لەبەر هەمان هۆی کە باسکران تۆمارکردنیانم بە ڕاست و دروست نەزانی .. خوا یار بێ و ڕۆشنبیر و خوێنەری دڵسۆز بازووی لێ هەڵبکەنو ئەسڵی دەسنووسە کۆنەکان بەدەست بهێنرێن بەشی دووەمی دیوانی ئەم شاعیرەمان بەپێزتر و بەجێزتر ئەبێ ..

هەر هۆنراوەیەکیشم لە دەسنووسەکەی کاك ستار وەرگرتبێ ئاماژە ... ئیشارەت ـ م بۆ کردووە .



منتدى اقرأ الثقافي

**نامەیەکی پایەبەرز مامۆستا مەلا عبدالکریمی مدرس و پەسەند کردنی دیوانی سەودایی ..**

دوای لێ بوونەوە لە ئامادەکردنی دیوانەکە ، کاك فاضل کوڕی شێخ طاهر ، وێنەی نامەیەکی مامۆستای پایەبەرز «مەلا عبدالکریمی مدرس » ی دامێ ، کە لە ڕۆژی ۱۹۸۱/۱۲/۲۷ دا ، نووسیویەتی بۆ خوا لێ خۆش بوو مامۆستا کاردۆخی ...

لە بڕگەیەکا وای نووسیوە : « ئیمڕۆ دیوانی خوا لێ خۆشبوو شێخ ئیسماعیلی دۆڵانیم تەماشا کرد ، بەڕاستی بێتی ئەدەبی مەولەوی بە دەماغم گەیشت ، وە زۆر حەیفە ئەشعاری وەها ون ببێن .. » وە لە نامەکەدا تکای لە مامۆستا کاردۆخی کردووە کە دیوانەکە ساخ بکاتەوە ، بەڵام هەزاران ئەفسووس کە نەخۆشی و ئاکام بواریان نەداوە ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات ...

**ڕێبازی هۆنراوەی**

لە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی دیوانی شاعیردا بۆمان ڕوونئەبێتەوە ، لە چەند بوارێکا هۆنراوەی داناوە ، لەوانە :

**١ ـ دڵداری :**

وەکو سەرەتای بەشی زوربەی شاعیرەکانمان ، ئەمیش چاوی هەست وابێکدانەوەی هۆنراوەی بە جوانی و شۆخی و لەنجە و چپە و ژووان و ناز و نەزاکەتی کیژۆڵەی کوردەواری هەڵهێناوە ... دیارە ئەمەش مافێکی سروشتی و ئاسایی و ڕەوای هەر شاعیرێکی لاوە کە ڕێبازی پاك و بێ گەرد ئەگرێتەبەر و ، لە توانەوەیا لەناو جوانیی بێ گەردا ، هەستی بێخەوشی خۆی دەرئەبڕێ ...



منتدى اقرأ الثقافي

### ٢ ـ ئایینـــی :

شاعیرمان له داوێنی پوختـتو خاوێنی بنـهمالەیەکـی ئایینـی زۆر ناوداری کوردستاندا چاوی هەڵهێنـاوە ، له هەمـوو کـاتو شوێـنو بوارێکیشا هێندەی چاوترووکاندنێـك بێ ئاگـاداریو سەرپـەرشتـیو ڕێنمایی نەبووە ••• یادی بێگەردی کوورەی دەروێشـان ، هەیاهـروی سینەی سۆفیانی ساف ، ئاوازو سەدای قورئانی پیرۆز ، دابو نەریـتو زەویەی ئەڵقەی بابو مامو پیرانی تەریقەت ، ئەمانـەو زیاتریش کـاری گەورەیان کردۆتە سەر بەرنامەی ژیانیو لە ناخی دەروونـەوە هەمیشــە هەژاندوویانە •• کەسێکیش بەمچەشنە پەروەردە کرابێ ، دیارە بە گیانی پڕ لە سەوداو ئەشقی پاکی یەزدانییەوە ئەفرێتە ناو گڕەی ئەشقی یەزدانیو تا هەتایە ڕەوانی نەمری هەمیشەو بە نەمری لە گەردشو سۆزی نەبڕاوەدا ئـەبـێ •

### ٣ ـ نیشـتمانی :

لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوە کانی کوردستانی عیراقاو هاتنە کایە ومەیدانی شێخ مەحموودی نەمر ، وەك پێشەنگی بلیمەتو هەڵکەوتـوو ، لێهاتووی ئەو بزووتنەوانە ، ئاسۆیەکی زۆر پرشنگدارو ڕۆشت سـەری هەڵدا •••

هەرچەندە لەو سەردەمەدا تەمەنی سەودایی زۆر لە هەوراز بووەو بە تەواوی پیری تەنگی پێ هەڵچنیوە ، لەگەڵ ئەوەشا لە خـودی شێـخ مەحموودی نەمردا هەمـوو ئاواتێکـی ورشـەداری دوارۆژی کـوردی بەدیکردووە ، وەکو هیمای خەبات و ڕەنجی گەلی کورد سەیری شێخـی نەمری کردووە و بە سۆزێکی زۆر قووڵو پاکـەوەو لـە چوارچێـوەی هۆنراوەی زۆر ڕەواندا هەستی بێخەوش خـۆی دەربڕیـوە ••• دیـارە سەودایی لەو پایە بەرزەی خۆیدا ، وەکو پیری گەورەی تەریقەی قادریە



منتدى اقرأ الثقافي

و بەساڵاچوونی تەمەنێکی درێژ ، لەم بوارەی هۆنراوەدا ، بێجگە لە شادیی گەلی کورد هیچ مەبەستێکی تری نەبووە .

٤ ـ سروشت و جوانی :

بەڕاستی کوردستانی ڕازاوە و گەش و پاراو و شیرین و سازگار ، بووکێکە لە بووکە دانسقە نازدارەکانی ئەم سەرزەمینە بەرین و فراوانە ... بێ گومان شاعیری هونەرمەندیش بەر لە هەموو شەیداکان پەی بە ناخی جوانیی ڕاستەقینەی ئەم نازەنینە ئەبات و ئەبێتە پەروانەی هەمیشەیی ...
لەم ڕووەوە « سەودایی »ش دڵبەندی ڕاستەقینەی ئەم لایەنە بووە و چەندی لەدەست هاتبێ ، سستی نەکردووە و تابلۆ ڕەنگین و قەشەنگی دارشتووە ...

٥ ـ کۆمەلایەتی :

هەرگیزا و هەرگیز نابێ و ناکرێ شاعیر لە بەرەی کۆمەلانی خەلکی ڕەش و ڕووت دوورەپەرێز بێ و گوێی خۆی بئاخنێ ... ئەوەتا ئەم شاعیرەشمان لەم ڕووەوە هیچ کەمتەر خەمی نەکردووە ، بەتایبەتی لە چەرمەسەری و ئاهە و نالـە و هاورا و برسێتی و مەرگی بە کۆمەلی سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهان ، شاعیرمان تابلۆیەکی بالای بۆ تۆمار کردووین و لایەنێکی وردی مرۆڤانەی بۆ پارا ستووین ..

خوێنەری بەڕێز ، دیارە ئەم چەند دێڕەم بە کورتی نووسین بۆ هەر لایەنێکی هۆنراوەی شاعیر نموونەم تۆمار نەکردووە ... ئەمەیانم هێشتەوە تا خوێنەر بۆ خۆی لە دەقی دیوانەکەدا سەرنجی ئەو لایەنانە بدات و لە سەرێکی کەشەو ئەو نووسەرە بەڕێزانەی ویستیان تۆژینەوە و لێکولینەوە بنووسن ، با ئەمانیش بە لێکدانەوەی وردی خۆیان بۆ مەبەستی خۆیان بگەڕێن ... گومانیشی تیا نییە کە پێناسەی شاعر وا لە



منتدى اقرأ الثقافي

تویێ بەرهەمەکەیا ••• ئەمە دیوانەکە و ئەوە تۆی بـەڕێزیش ، هیوادارم جێی خۆی بگرێ و ڕەوانی شاعیرمان بەم بەرهەمەی شاد بێ •••

**لە میانەی مەولەوی‌و سەودایی‌دا :**

لە بەشی هۆنراوەکانی شێوەی هەورامیدا ، زۆر بەڕوونی‌و ئاشکرا کاری ڕەوانی مەولەوی لە تویێ زوربەی هۆنراوەکاندا دیارە ••• من بۆ خۆم کە بۆ یەکەم جار بە دیوانەکەدا چوومەوە لە زۆر شوێنا وام هەسـت ئەکرد کە لەگەڵ هـەست و هۆنراوەی مەولـەویدا گـەشت ئـەکەم ••• چەند کەسێکی تریش کە هەمان کۆمەڵە هۆنراوەیان خوێندەوە ، هەر هەمان هەستیان دەربڕی ••• کاتێکیش نامەکەی بەڕێز مەلا «عبدالكريم مدرس»م خوێندەوە ، کە بۆ خوالێ خۆشبوو مامۆستا کاردۆخی نووسیبوو ، زۆرم پێ خۆش‌بوو کە بۆچوونەکەم لەجێی خۆیایەتی •••

گومانی تیا نییە هۆی ئـەم کار تێ‌کردنـە بـە شێوەیـەکی سـەرەکی ئەگەڕێتەوە بۆ کاری ڕاستەوخۆی هۆنراوەی مەولەوی لە سەر هەسـت و سۆزو ڕێبازی هۆنراوەی سەودایی ••• لە سەرێکی کەشەوە قوتابخانەی بەرین‌و فراوانی هۆنراوەی مەولەوی بەشێوەیەکی گشتی ، نەك هەر کاری لە تویێی هۆنراوەی سەوداییدا هەیە ، بەڵکو ئەم کارتێ‌کردنە لە هۆنراوەی زۆر شاعیری تری سەردەمـی مەولـەوی و دوای مـەولـەویشا ئاشـکرا بەرچـاو ئەکـەوێ •••

کاتێکیشی سەودایی لەو هەڕەتی گوڕی لاوێتیا نامەی پڕ لە تاسە و سۆزی بێ‌گەردو بانگهێشتن و میوانداری ئەنووسێ بۆ مەولەوی ، ئەمـە بەڵگەیەکی گەورەیە بۆ جێی‌ی بەرز و ڕێـزی زۆری مەولـەوی لـە دڵی سەوداییدا ••• نابێ ئەوەش لەیاد بکەین کە سەودایی « ٣٦ » سی و شەش ساڵ دوای مەولەوی « ١٨٠٦ ــ ١٨٨٢ » هاتۆتە ژیانـەوە ••• کاتێکـیش



منتدى اقرأ الثقافي

مەولەوی کۆچی دوایی کردووە ، تەمەنی سەودایی « ٤٠ » چل ساڵ بووە ..
لێرەدا ئەوەمان زۆرتر بۆ ڕوون ئەبێتەوە کە لە گەرمەی لاوێتی و گوڕی ژیانیا ، سەودایی لە سەرچاوەی سازگار و ڕوونی قوتابخانەی بڵندپایەی مەولەوی بەهرەی خۆی وەرگرتووە ...

وەڵامەکەی مەولەویش بەڵگەیەکی گەورە و پتەوە بۆ پایەی بەرزی ئایینی و شوێنی دیار و تایبەتیی سەودایی لە جیهانی هۆنراوەی فراوانا ...

**بۆچی سەودایی بە شێوەی هەورامیش هونراوەی نووسیوە ؟ :**

پرسیارێکە و خۆی سەر هەڵئەدا ... بە لای منەوە ، لە سەردەمی لاوێتی شاعیرمانا زوربەی دەسنووس و بەیازە کوردییەکانی بەردەست بە شێوەی هەورامی بوون ، بێ گومان کتێبخانەی بنەماڵەی شاعیریش پڕ بووە لەم دەسنووسە نایابانە .... ئەمە سەرەرای پێوەندی گیانی و ڕەوانیی زۆر پتەوی میانەی سەودایی و مەولەوی ، لە سەرێکی کەشەوە پێوەندی زۆر پتەوی شاعیر لەگەڵ شێخ عومەری بیارەدا کارێکی زۆری کردووەتە سەری و زۆرتر حەزی کردووە بە شێوەی هەورامی هۆنراوە دابنێ ...
ئەمەش لە دەقی ئەو هۆنراوانەدا دەرئەکەوێ کە سەودایی بۆ شێخ عومەری بیارەی نووسیون .

شایانی سەرنج و تێبینیشە ، ئەو هۆنراوانەی بە شێوەی هەورامی داناون گەلێ لەو هۆنراوانەی بەهێزتر و خەستترن کە بە شێوەی سۆرانی داناون . بە لای منەوە هۆی ئەمەش ئەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە شاعیرمان زۆرتر هەڵس و کەوت و خوێندنەوە و مامەڵەی ئەدەبی و هۆنراوەی ، بە شێوەی هەورامی بووە .



منتدى اقرأ الثقافي

**چاو تێری و دەروونبەرزیی سەودایی :**

**شێخ طاهر بۆی گێڕامەوە :**

× شێخ مەحموودی نەمر بە میوانی چووە بۆ دۆڵان ، پێشنیاری کردووە کە گوندی دۆڵانی بۆ بکڕێ و بە مولکایەتی ببێ بە هی خۆی ، بەڵام لەبەر نەویستنی پارە و پایە و دنیا ، داویەتە دواوە .

× لەو ماوەیەدا کە مێجەرسۆن فەرمانڕەوای سلێمانی بووە و شێخ مەحموودی نەمر پلنگ ئاسا پەلاماری داگیر کەرانی داوە ، مێجەرسۆن سەر لە دۆڵان ئەداتو داوا لە سەودایی ئەکات سەر لە سلێمانی بدات بۆئەوەی مووچەی بۆ بڕێتەوە ... بەڵام سەودایی ناڕوا ، دوایی مێجەرسۆن نامەیەکی بۆ ئەنووسێو داواکەی دووبارە ئەکاتەوە ، سەودایی هەر وەڵامیشی ناداتەوە ، لەئەنجاما مێجەرسۆنی ، فەرمانڕەوا و نوێنەری ئەو ئیمپراتۆریەتەی کە خۆر لەسەر خاکی ئاوا نەئەبوو ، فڕۆکە ئەنێرێتە سەر گوندی دۆڵان و بوردمانێکی زۆر خەستی ئەکەن و ئەیسووتێنن .. یەکێ لە پیاوە دلێرەکانی گوندەکە ڕووی کردبووە شێخ ئیسماعیلو ، وتبووی : بەس نەبوو جەنابت نەچووی بۆ سلێمانی و تووشی ناهەمواری و زەحمەت نەبووی !! ئێمەش ئەمڕۆ و سبەینێ گوندەکەمان دروست ئەکەینەوە ...

× ناسرەدین شای قاچار ـ شای ئێران ـ نامە ئەنووسێ بۆ شێخ کەریمی کەسنەزان ، پێشنیار ئەکا کە مروچەو بەرات بڕێتەوە بۆ تەکیە و خانەقایان ، ئەمیش بۆ وەڵامی نامەکە سەودایی ڕائەسپێرێ ... سەودایی ئەڵێ : مامە گیان بێخەم بە دڵو هەستو دەروونی هەردووکمان هەر یەکە ...

لەوەڵاما بۆی ئەنووسێ : تۆ شا و شازادەی ، پیش وەکو تۆ شازادەم و کوڕی شاحسێنی کەسنەزانم ، ئێمە بە نانی دەروێشیی خۆمان قایلین و هەڵئەکەین ..



منتدى اقرأ الثقافي

**پایەی سەودایی لای شێخ مەحموودی نەمر :**

وەك ڕوونکرایەوەو لە هۆنراوەکـا تا زۆرتر ئاشکـرایـە ، شـێخ مەحموودی نەمر لە دڵو هەناوی سەوداییدا شوێنی زۆر تایبەتیی خـۆی هەبووە •• بە هەمـان دەستوور شێخـی نەمـریش ڕێـزی تایبەتـیی لـە سەودای گرتووە و زۆری خۆش ویستووە •

مامۆستا مەلا عەلی سەنجەری بۆی گێڕامەوە ، وتی ، کاتێ کە شێخ مەحموودی نەمـر لە هیندسـتان گەڕایـەوەو هاتـــەوە سلێمـانی ، لـە هەمووولایەکەوە دەستـە بەدەستـەو پـۆل‌پول گەورەپیـاوان و ناوداران ئەهاتن بۆ بەخێر هاتنەوەی شێخ و دەربڕینی شادیو بەختیاری ، کاتێ کـە شێخ ئیسماعیلی دۆلآن هات بۆ بەخێرهاتنە وەو دیدەنیی شێخ مەحموود ، شێخی نەمر زۆر بە تاسەو شوقەوە چوو بەپیریەوە و پێشوازییەکی زۆر گەرمی لێ کرد •••

بەڕاستی ڕاستە وتراوە : دڵ ئاوێنەی دڵە •••

**عوسمان هەورامی**

**سلێمانی ١٠-٧-١٩٨٦**



منتدى اقرأ الثقافي

# بەناوی خوای بەخشندە

زنجیرەی تەریقەتی قادریەی بنەماڵەی شێخانی دۆڵان(*) :ـ
ئەم تەریقەت و ڕێبازە لە یەزدانی گەورەوە بە دیاری هاتووە بۆ پێغەمەری مەزنمان محەممەد ( د•خ ) لەوەوە بۆ ئیمامی عەلی ـ شێخ حەسەنی بەسری ـ شێخ حەبیبی عەجەمی ـ شێخ داوودی طائی ـ شێخ مەعرووفی کەرخی ـ شێخ سەری سەقطی ـ شێخ جونەیدی بەغدادی ـ شێخ ئەبووبەکری شیبلی ـ شێخ عەلی هەکاری ـ شێخ عەبدولواحیدی یەمانی ـ شێخ یوسفی سەرطووسی ـ شێخ محەممەد سەعیدی مەخزوومی ـ شێخ عەبدولقادری گەیلانی ـ شێخ عەبدولڕزاق ـ شێخ عەبدولفەتاح ـ شێخ محەممەد قاسم ـ شێخ محەممەد ساذق ـ ـ شێخ محەممەد غەریب ئەڵلا ـ شێخ حوسەینی بەسرائی ـ شێخ موحیەدینی قوولەی کەرکووکی ـ شێخ عەبدولصەمەدی گڵەزەردە ـ شێخ حوسەینی قازانقایە ـ شێخ قادری قازانقایە ـ شێخ کەریمی کەسنەزان ـ شێخ ئیسماعیلی دۆڵان •••

## پێزانین و سوپاس

زۆر سوپاسی کاك عوسمان
هەورامی ئەکەین کە ئەرك و
ڕەنجی زۆری کێشا بۆ
ئامادە کردن و ساخ کردنەوە و
پێشەکی نووسینی ئەم دیوانە •••

**شێخ طاهر کوڕی شێخ ئیسماعیلی**
**دۆڵان**
**سلێمانی ١٩٨٦/٧/٢٦**

---

(*) ئەم زنجیرەیەم لە بەڕێز « شێخ طاهر شێخ ئیسماعیلی دۆڵان » وەرگرت و لە سەر داخوازیی ئەویش تۆمارم کرد ، بۆئەوەی هەرکەس بیەوێ لەم زنجیرەیە بکۆڵێتەوە ، ئەم سەرچاوەیە لە بەردستیابێ ••



منتدى اقرأ الثقافي

# پیتــی

\- ١ -

## پیتی

## ــ آ ــ

ئازیز جــه دووریت دیده پــڕ هونــم
مــەشنــەوان یاران کزەی دەروونــم(١)
وەختەن جــە دووریت بوام وە قــەقنــەس
بەرشــۆ جە قەفەس هەناســەو نەفــەس(٢)
پــەریٚ دیــدەنیت دەروون پــڕ دەردم
دوور بــۆ جــە بالآت هــەناســە سەردم(٣)
دیدەم جــە دووریت دەریاچــەی هوونــەن
ســەرم سەرگەردان ، دڵ تووناى توونەن
حەیفــەن پەریٚ تــۆ شاى وەفاداران
وێــڵ وام چــوون مەجنوون ڕوو ئــەو کۆساران
یــا وە شــەرارەى هیجران و فیراق
**نگوونٚ ئــە گێجاو تاقــەتٚ بــۆ تاق(٤)**

---

(١) مەشنەوان : ئەبیستن

(٢) بوام : ببم : بەرشۆ : دەرچێ ، جە قەفەس : لە قەفەزی سنگ .

(٣) پەریٚ : بــۆ .

(٤) شەرارە : برووسکە و گڕ . نگوون نەگێجاو : نوقم لە گێژاوا تاقەت : ئارام . ببۆ تاق : لێك بێتەوە ، شەق بەرێ .



منتدى اقرأ الثقافي

نەك وە بلێسەی دووریت سۆزان وام
یا داخڵ وە سیلك شێخی صەنعان وام

– ٢ –

ئازیز بۆی نامەی دەروونی پڕداخ •
بۆپڕووزی جەرگ دا نە ڕووی دەماخ[١]
شادیی ڕ نازداران ، شنۆی نەوهاڵان
خرنگەی یاتاخگەی نازك خەزاڵان[٢]
گرنج ئەگریجات وە گولاوەوە
پەخش ونەخش نە پای کەچ کلاوەوە[٣]
گۆنای گوڵناری گوڵان بێزەوە
مەر پرشەی پەروین یا پەروێزەوە[٤]
سیمای سیمی ساف خەیاتەی بێ گەرد
ئاوێزان وە داو لای گەردەنی زەرد[٥]

---

(١) بۆپڕووز : بۆسۆ •
(٢) شنۆ : شنە • نەوهاڵ : نەونەمام • یاتاخگە : بارگە خەزالات : ئاسکەکان
(٣) گرنج ئەگریجان : ئەگریجە لوولەکان • پەخش ونەخش : بلاو و جوان ڕەنگین • نە پای چ کلاوەوە : لە دامێنی کلاوی لارا •
(٤) گوڵناری : گوڵ هەناری • گوڵنار : جۆرە هەنارێکە ، بە تۆپەڵ گول ئەکا و هەڵیان ناپێچێ ، مەر : مەگەر • پرشەی پەروین : ورشەی ئەستێرەی پەروین ، یا پەروێز ەوە : یا ورشەی تاجەکەی خوسرەوی پەروێز •
(٥) سیما : شێوە ، سیمی صاف : زیوی پاك خەیاتە : مەبەستی تاڵی زوڵفی یارە •



منتدى اقرأ الثقافي

عەرعەر قامەتان پەروەردەی جۆی ناز
جەلادان جەمین پەی سۆزو گوداز[٦]
جە لەهجە و لەنجەی سەرپەنجە ئاڵان
بەیان بوینان پۆلی نەوهاڵان[٧]
جە شەفافی شەوق شێوەی خاڵخاسان
کەرتو پەرت مەبی دڵان وەئاسان[٨]
زێڵەی زلزلەی سازو سۆزی نەی
زرنگەی زەنگڵەی زەڕ ، وەیوەی جە بۆی بەی[٩]
پرشەی پاژنە و پا و پاوانە و خرخاڵ
لەرزەی سەد تەرزەی سەرلفکە و دەسماڵ[١٠]
بەرقو بریقەی باهووبەندو باڵ
خڕەو خڕخشتو خرنگەی دانەو لاڵ[١١]

---

(٦) عەرعەر قامەتان : باڵا عەرعەرەکان · جۆی : جۆگەی · جەلادان جەمیت : ڕوومەتیان دەرخست · پەی سۆزو گوداز : بۆ سووتاندن و برژاندنی شەیدایان ·

(٧) لەهجە : چپەی ناسك · بەیان بوینان : بێن ببینن · دروستیشە بۆ وشەی ( بەیان ) بڵێێن بە واتای بەهێکان ، واتە مەمکەکان ، یا بە واتای شەفەق ، دێ ·

(٨) جە شەفافی : لە ناسکی · مەبی : ئەبوو ·

(٩) زێڵە : قریوەی شایی · زلزلە : خشڵ · زەڕ : زێڕ · جە بۆی بەی : لە بۆنی بەهێی سینەی نازداران ·

(١٠) سەد تەرزەی : سەر چەشنەی ··· لفکە : پارچە قوماشێکی جوان بووە، بەتایبەتی کچان بەستویانە بە کڵاو و فێستەکانیانەوەو بەسەر شان و پشتیانا شۆڕ بووەتەوە ··· دەسماڵ : دەستەسڕ ئاوریشم ··· لفکە و دەسماڵ بۆ سەرپێچ بەکارهێزاون ، گولنگە و ڕێشوویان بەملا و بەولا و بە سەر شان و پشتا بڵاو بوونەتەوە ··

(١١) باهووبەند : بازووبەند ··· لێرەدا مەبەست بازن و خرخاڵی قۆڵ و مەچەکی ئافرەتە ··· خڕە ، خڕخشت ، خرنگە : دەنگی لەرینەوەی خشڵ ·· دانەو لاڵ : مرواریو لەعل ، مەبەست ئەو خشڵەیە ئافرەتەکان لە خۆیان داوە ···



منتدى اقرأ الثقافي

زەردیی زەردەبـەی وەی گشـت جـەلاوە
مـەلەریا نـە تـۆی تورمەو تـەلاوە[12]
شـنیای شـەدەمی شـەنگ وە شـنۆی شنەماڵ
شـادیی ئازداران ، جـەلای خەتو خـاڵ[13]
کـۆرپـە نازاران ، نازەنین نـازان
جـە ڕووی نازەوە مـەکەردن ڕازان
داخ وە بانی داخ دەردی نادیاری
نادیاریی تـۆ دەردم کـــەرد کاری
وەی کـزەی دەروون ، وەی گشت زامـەوە
یاران کەردن کـۆچ ، مـن هـەر مامەوە[14]
ئمەز چـەرخی چـەپ چەواشـەی کەچڕام
وە کامین زامـەت مەویەرۆم جە نام !![15]
وەرنـە مـەویا وەخت شـادیی ئازداران
وێڵ وام وێنـەی قەیس ڕوو ئـەو کۆساران[16]

---

(١٢) مەلەریا : ئەلەریپەوە ٠٠ تورمە : کۆڵوانە ٠٠٠ تەلاّ : زێڕ ٠٠٠
(١٣) شنیای شەدەی شەنگ : شنینـەوەی مشکـی و شـەدەی جـوان ٠٠٠
چەلای : نواندنی ، دەرکەوتنی ٠٠٠
(١٤) مەولەوی زۆر جوانی فەرمووە :
یاران وێنەی صاق مـەی ، وەکامـەوە
ویەردن چوون دورد هەر من مامەوە
واتە : دۆست و هاوڕێ و یاران ، وەکـو شەرابـی پـاك ، ڕۆیشتـن و کۆچیان کرد و بە ئاواتی خۆیان گەیشتن ، تەنیا هەر من وەکو خڵتەی بنی کوپەی شەراب ماومەتەوە ٠٠٠ بڕوانە : مەلا عبدالکریمی مدرس ، دیوانی مەولەوی ، ل ٢ ـ ٣ چاپی سالی ١٩٦١ ٠٠٠
(١٥) نمەز : نازانم ٠٠٠ چەرخی چەپ : گەردوونی کەچڕەو ٠٠ کـەچڕام : بێسۆزو بێڕەحـم ٠٠ وە کامیـن زامـەت : بە کـام دەردەسـەری ٠٠ مەویەرۆم جە نام : لەناوم ئەبا ٠
(١٦) وەرنە : ئەگینا ٠٠ مەویا : ئەبوایە ٠٠ وێڵ وام : وێڵ بوومایە ٠٠٠



منتدى اقرأ الثقافي

ئـەر بـۆپـڕووزێ وەدەم(*) دەردەوە
ڕوێوە ڕووکەرد ئەوڕووی هەردەوە(١)
بناسەش ، سۆزەی عەمۆنی زوخاڵیـت
بناسەش ، سۆزەی عەمۆنی زوخاڵیـت
مەر مامۆت ئەوسا دەماخ کەرۆ چـاخ
بگێرۆ ئازیز وارگەکەی ئێلاڵخ(٢)

---

(*) لە کاتێکا کە شێخ قادری شێخ کەریمی کەسنەزان بۆ هاوینەهـەواری
چورە بۆ هەورامانی ئەودیو ، سەودایی ئەم هۆنراوەیەی بۆ نووسیوە ٠
(١) ئەر : ئەگەر ٠ بۆپڕووز : بۆسۆ ٠ ڕوێوە : ڕۆژێکیان ٠
(٢) مەر : مەگەر ٠ وارگەکەی ئێلاڵخ : هەوارگە کوێستان ٠
هەر کاتێ ئازیز خۆشەویستەکەم گەیشتـە هەوارگـەی کوێستـان ،
ئەوسا دڵی مامت بێخەم ئەبێ ٠



منتدى اقرأ الثقافي

ئازیز شادی شی ، بنمانە بالا
سینەم کەر وە تیخ مەینەت یەکالا(١)
بدیە تا هوونەی هووناوەکەی دڵ
چون چێش جاری‌یەت زوخاوان وەکوڵ(٢)
سەیلی ئەسرینم گۆل بەستەن وەتاو
مدۆ وەهەمدا هووناوو زوخاو(٣)
نووری بینایی عەمموی حەزینت
سەرشێتم کەردەت ئارەزووی دینت(٤)
بلێسەی هەستیم هەر ڕۆ سەد تەرزەن
تالی تای حەیات پڕ بیم و لەرزەن(٥)

---

(*) ئەم هۆنراوەیەی بۆ بەڕێز شێخ کەریمی مامی نووسیوە .... لەبەر پیوەندی گیانی و خۆشەویستیی بەتین ، هەر بە وشەی (مام ، مامۆ ، عەحمو ) یەکتریان بانگ کردووە ..

(١) شی : ڕۆی بەسەر چوو . بنمانە : بنوێنە . نازدارەکەم ، من شادیم نەماوە ، سا تۆ بالات بنوێنە ، با خۆشی بکەوێتە سنگمەوە ، کە بە تیخی بەلا و خەم هەلاهەلا بووە ،

(٢) بدیە : بڕوانە .

(٣) سەیلی ئەسرینم : لافاوی فرمێسکم . گۆل بەستەن : گۆلی بەستووە مدۆ وەهەمد : ئەدا بە یەکا ـ لافاوی فرمێسکم پەنگی خواردۆتەوە و خوێناو و زوخاوم تێکەڵ بە یەك بوون .

(٤) ئەی ڕووناکی‌ی بینایی مامی خەمبارت ، من بۆ دیدەنی‌ی تۆ وا سەر شێت بووم .

(٥) هەستیم : بوونم . هەر ڕۆ : هەموو ڕۆژ . سەر تەرزەن : سەد جۆرە . پڕ بیم : پڕ ترس . لەبەر دووریت ، هەر ڕۆژەی بە سەد جۆر کلپە لە بوون و هەناوم هەڵئەستێ و تالی بایکی ئاوات وژینیشم هەمیشە پڕ ترس و لەرزە و هەڵ ئەلەرزێ .



منتدى اقرأ الثقافي

یا بەیۆ سەدات وەش وەش نە گۆشم
بێ تەراتە و ساز بەرز بۆ خرۆشم[٦]
پەی خەیاڵی بیکر فیکرەکەی عالیت
سفتە سۆزانەت عەمموی زوخالیت[٧]
تای خەیاڵ کاڵ کاڵ بڕیا وەهەمدا
**پلووسکەی سێلاو ئاما وە چەدا[٨]**
زڕەی زەنگڵەی زەڕ بازی بەندی ئەو
کاڵای باڵای لاو ، خاڵی ڕەندی ئەو[٥]
دەستەی پیرۆزەو مرواریو مەڕمەڕ

---

(٦) با بەیۆ : یا بێ ـ سەدا : دەنگدانەوە ، لێرەدا بە مەبەستی دەنگ هاتووە ـ وەش وەش : خۆش خۆش ـ نە گۆشم : لە گوێم · تەراتە : بەستە و گۆرانی ··· با دەنگە پڕ سۆزەکەت خۆش خۆش بێتە کوێم ، ئیتر بێ بەستەو سازود گۆرانی هەموو بوونم دێتە خرۆش ·

(٧) پەی : بۆ · بیکر : تازە و پاراو · عالی : بەرز ، بالا · سفتە سۆزان : سووتاو ·· بۆ بیر و ئەتریشەی نوێ و پاراوت ، لێکدانەوە و هۆشی بەرز و بالات ، وا مامت سووتا و هەڵقرچاو ، بوو بە خەڵووز ·

(٨) سێلاو : لافاو ··· تاڵی ئەندێشە و خەیاڵم تاڵ تاڵ پچڕاوەو تێك ئاڵاوە ، لافاوی فرمێسکی چاوەکانم وەکو پلووسك بە چاوما دێتە خوارێ ···

(١) وەش دەماخ : بەکەیف و دڵخۆش ، مەنحانی : ئەنوێنی · نازدارەکەم ئەمڕۆ زۆر بەکەیفو و دڵخۆشی ، تۆ گیانی منی و بگرە لە گیانم گیانتری و گەلێ بەنرختری ··· لە دوای ئەم دێڕە ئەم دێڕەی خوارەوە هەیە کە نیوەی دووەمی کوژاوەتەوە و دیار نیە :

وە زەنجەی گرنج ئەو پەرچەم چین چین ماتم کەزد ···

(٢) ئایتە : ئاوێنە ·

(٣) حەمایل : خشڵی سنگ و بەرۆکی ئافرەت ·· ئەشکرێ بۆ بەهێی سینە بێ ·

(٤) شاهوو ، شاهۆ : شاکۆ ، چونکە لە هەموو کێوەکان وشاخەکانی ناوچەی خۆی گەورەتر و فراوانترە ، چوانترین ناوچەیە کەوتۆتە پشت شاری پاوەوە · باهوو : قۆڵ· ئاهو : ئاسک ·

(٥) زەڕ : زێڕ · بازی بەند : بازنی زێڕ ، یا زیو ، ئەکرێتە قۆڵ و مەچەك ، بازووبەند ڕەند : جوان و بێگەرد ·



منتدى اقرأ الثقافي

هـەر هارەوی مەیۆن زێڕی تاسـی زەر[٦]
بریقـەی نقێـم نگینی پـەنجـەی
مـەلایك مایل وە لەهجە و لەنجەی[٧]
سـیمای سـیمی زولف لـوول داوەن وە لاف
بییـەن وە سـەیوان سـای گەردەنی ساف[٨]
شـەماڵ خەیمـەی خاڵ ، تاڵ تاڵ هەڵداوە
وە سـای گـەردەنی زەردی ئـالاوە
دیام زەردیی گـرد ، های های بـەدبەختان
یانـەم وێران کەرد ، گرد کەردم سـفتان[٩]
سـیوای ئـەو یاران جـەی مـەکانـەدا
یـەکێ دڵ بدۆ وەی پـەیکانـەدا[١٠]
دڵـەی پـەڕەی گوڵ هـەر ئەمەند چڵ دا
ئـەم چەم لـەو چەمدا ، ئەو چەم لەم چەمدا[١١]

---

(٦) مەیۆن : دێت : تاسی زەر : تاس کلاوی زێڕ .
(٧) وە لەهجە : بە گفتوگۆی شیرین .
(٨) سیما : شێوە . سیم : زیو . سەیوان : چەتر ... بە شیوەیەکـی وا جوان و ڕێك و پێك زیـوی سـەر و ، زولـفی ڕێـك خستـوون ، کـە بوونەتە چەتری گەردنی ساف و جوان و بێ گەردی .
(٩) دیام : سەیرم کرد . گرد : گشت . سفتان : سووتاو ... کەسەرنجی رەنگ زەردیی هەموو بەدبەختەکانم دا ، بەجارێ مالـم وێـران بـوو ، سەرابا ئاگرم تێ بەربوو بۆیان .
(١٠) سیوا : جگە ـ جەی مەکانەدا : لەو شوێنەدا . بە ، کـێ : ئەمە کێبـە بدۆ بدا . پەیکان : تنیر ، بێجگە ئەو یارانە ، کێ هەیە لـەم شوێنـەدا دڵی خۆی بکا بە نیشانەی تیر و پەیکان !
(١١) وشە ( چڵدا ) سەروای هۆنراوەکە لەنگ ئەکا ، ڕەنگە وشەیەکی تـر بێ بەپەریەوە ، وشـــەی ( چەمـــدا ) دا بـێ . وشـــەی چـەم : بـە واتای چـاو هـاتووە .



منتدى اقرأ الثقافي

هـەر سەرچەمەی چەم لە چەم چل چەم بی
هـەر چەم بی تا چەم ، هەر چل چل چەم بی(١٢)
چەمەی چەم جمان ، وشـکاوش مـەند بی
هـەر ماما و مەشی .... چەند بی(١٣)
هەر بەند سـەیلی هەرس جە حەسرەت ڕێزا
نـە جۆی سـەرچەمەش گەردەلوول خێزا(١٤)
پـەی دینی جـەمین ئارامـەکـەی جـان
**چـوون چکەی جگەر چکیا ، چوون جمان(١٥)**
سـەودایی ـ سـەرئێل گشـت بەدبەختانی
جە بـەدبەختیی وێت چ سـەرسـەختانی(١٦)
**وشکاو ئاوەردەن جۆی چەمـەی زەینـم**
نەزر و فتووشـەن بینایـۆو عەینـم(١٧)

---

(١٢) سەرچەمەی چەم : سەرچاوەی چاو . چل چەم بی : هەر یەکە بوو بە چل چەمی فرمێسك .

(١٣) جمان : جوولاوە ، بۆشاییەکە کوژاوەتەوە .. ماما و مەشی : ئـەهات و ئـەچـوو .

(١٤) بەند : ئەوەندە . سەیلی هەرس : لافاوی فرمێسك . خێزا : هەستا .. لە عەزرەتا ئەوەندە لافاوی فرمێسکی بـەخوڕ بـەرپا چـوو ، هەر لـە سەرچاوەوە گەردەلوول و گێژە لووکەی توندی هەستان ..

(١٥) پە دینی جەمین : بۆ دیداری ڕوومەتی . چون چکـەر : وەك چکـەی خوێنی جگەر . چون جمان : هەرەس هێناوە و جماوە .

(١٦) جە بەدبەختیی وێت : لە بەدبەختی خۆت .

(١٧) وشکاو ئاوەردەن : وشکـاوی هاتـووە ... زەینـم ، ذهنـم : بیـر و هۆشم ... نەزر و فتووشـەن : نـەزر و فتووحیـەتی ، خێـر و سەدەقـە ئەکات .. بینایۆو عەینم : بینایی چـاوم ... جۆگـە و سەرچـاوەی هۆش و بیرو لێکدانەوەم وشکاویان هات ، بینایی چاوەکانیشم خێرو سەدەقە ئەکەن بۆئەوەی بە دیـدارت شـاد ببنـەوە و هێـزو توانـای بینینیان لەدەس نەچێ .



منتدى اقرأ الثقافي

دڵ ئیمجار جە نۆ بوینۆ باڵات
یەریاد بۆ خەمان وە شنۆی کاڵات[18]

(١٨) بوینۆ : ببینێ ، ببینێتەوە ··· بەرباد بۆ خەمان : خەمەکان بەبا ئەدرێن ··· ئەگەر بێت و خوا بکات جارێکی‌تر دڵم بە بینینی باڵات شادبی و ، چاوم بە ڕەوتی پڕا شنە و شنینەوەی بەرگی دلگیرت بکەوێتەوە ، هەرچی خەم هەیە هەمووی ئەدرێ بەبادا ···



منتدى اقرأ الثقافي

ـ ٣ ـ

ئازیز وەش دەماخ ئـەمڕۆ مەنمانـی
گیانی من جە گیان ، گیان، گیان[1]
عەکسی ئاینەی ئەگریجـە و خـاڵان
تالآت کەرد کـالآی بـالآی گـولالآن[2]
حەمایـل جە بان سینــە شــەڕ دەکا
موژەی چەم وەهوون چگەر تەڕ دەکـا [3]
دەماخ وە نەشئەی بەزمی شاهووی ئـەو
خرنگەی خۆخاڵ باهووی ئاهووی ئەو[4]



منتدى اقرأ الثقافي

ئـەی نەفسی سـەرکەش ، گومڕای[*] بێ کەماڵ
وەس خەیاڵی خام باور وە خـەیاڵ[۱]
خـەیاڵی فاسـد بـەس باوەڕ وە دڵ
وە هـەوای بێسوود وەس وێت کـەر خجل[۲]
تـا کـەی بێزاریت جـە دین و تاعـەت
جە بەدئەتواری کـەی مشۆت تاقەت[۳]
مـەر لێلاییتـەن ، نـەدیـەنت یاران
چـەندێ کۆچ کـەردەن تاسەر هەواران[٤]
کەردەی تاکەردەت سـەد هـەزار تـەرزەن
تەپڵی بـەد نامیت جـە عالـەم بەرزەن
هـەوای جوانیت بـەرشی جـە دەماخ
هابیت وەهام باف ناڵەو ئـاخو داخ[٥]

---

(*) لەم هۆنراوەیەدا شاعیر سەرزەنشتی خۆی ئەکا ·
(١) سەرکەش : سـەرکێش ، یاخی · بێ کـەماڵ : بێهۆش‌و بـێمێشك ·
خەیاڵی خام : بیر و ئەندێشەی خاوو هیچو پووچ ـ باورە : بێنە ·
(٢) وەس وێت کەر خجل : بەس خۆت بخلافێنە و خۆت خەریك بکە ·
(٣) جە بەدئەتواری : لە بەدڕەفتاری ، لە هەڵس‌وکەوت‌و کردەوەی ناشرین ؛
کەی مشۆت : کەی ئـەچێت ·
(٤) مەر : مەگەر · نەدیەنت · نـەتدیوە ·· بۆچی ، مـەگـەر کوێراییت داهاتووە و ئاگادار نیت کە چەندان یاران ، کۆمەڵ کۆمەڵ بـەرەو دوا هەوارگە کۆچیان کردووە ·
(٥) هەوای جوانیت ؛ ئارەزووی سـەردەمی لاویت · بـەرشی : دەرچوو ، نەما · هام‌باف : هاودەم ، هاوڕاز ·



منتدى اقرأ الثقافي

چێش مدەی جەواب خالقی ئەکبەر
جەزەلزەلەی بەزم ڕۆژی یوم الخطر[٦]
فخرالمرسلین سولتانی ئەبرار
جە کەردەی بەدی تۆ بییەن بێزار[٧]
وەبای زیندەگر ئیمرۆ تافەردا
میناى ئیمانی وێت دای وەبەردا[٨]

---

(٦) چێش مدە : چی ئەدەی · جە زەلزەلەی : لە ترس و لەرزی · یوم الخطر : ڕۆژی دوایی ، ڕۆژی هەستانەوە ·

(٧) فخر المرسلین : مایەی شانازیی هەموو پێغەمبەرەکان ( د ، خ ) سولتانی ئەبرار : سەرداری هەموو چاکان ـ بییەن : بووە ·

(٨) ئەم دێڕە بە هەمان واتە و مەبەست لە هۆنراوەی بێ ناوی بەد نام دێڕی یازدەهەمەو لە هۆنراوەی مەینەتان پیرێ نەوەرەن دا ، دێڕی پێنجەمە ـ بڕوانە ل٣٩ ـ ل١٢١ ·



منتدى اقرأ الثقافي

# پیتـــی

## ـ ب ـ

### ـ ۱ ـ

بێ‌ناوی بەد نام ڕِســوای ڕۆی مــەحشەر
خەجاڵــەت نەڕووی خودا و ئەو سەروەر[۱]
ئومێدت وە کێن ؟ ڕووناکیت جــە کۆن
جــە کۆی تاوانت مــەحشەر ڕەنجەڕۆن[۲]
مــەر قاپی ئــەعلامی عــەرەب ئــەو یادکەم
بــەڵ وە ڕەحمی ئــەو خاتر گوشاد کــەم[۳]
**وەرنە سەرگەردان ( یوم الخطــر ) م**
ســۆزیای سەد ڕەنگ ناری ســەقەرم[٤]
بێ ناوی مــەغروور ، ڕاگەی حــەق نــەناس

---

(*) لەم هۆنراوەیەدا ، سەودایی سەرزەنشتی دڵ و دەروونی خۆی ئەکا ٠
(١) خەجاڵەت : شەرمەزار ٠ ئەو ســەروەر : مەبەستی پێغەمەری مــەزن موحەممەد ـ ە ( د ، خ ) ٠
(٢) وە کێن : بە کێیە ٠ جە کۆن : لە کوێیە ٠ جە کۆی : **لەکوێی** ٠
(٣) ئەعلامی عەرەب : بەرزترین و باڵاترینی عەرەب ، مەبــەست پێغــەمەرە ( د ، خ ) ئەو یادکــەم : بێنمــەوە یادی خۆم بەڵ : بــەڵکو ٠ ڕەحم : سۆز و بەزەیی ٠ خاتر گوشاد کەم : دڵم شاد کــەم
(٤) وەرنە : ئەگینا ـ سەرگەردان : وێڵ ـ یوم الخطر : ڕۆژی ترس‌ولەرز ، ڕۆژی دوایی ٠ سۆزیای : سووتاو ، سەدڕەنگ : سەدجۆر ٠ سەقەر : دۆزەخ ٠٠٠ ئەگینا لە ڕۆژی دواییدا کە ڕۆژی لێپرسینەوەی پڕ ترس و کەس ئاگای لە خۆی و لە کەس نییە ، منیش وێڵ و سەرگەردانم‌و بە سەد جۆر لە ئاگری دۆزەخا ئەسووتێنرێم ٠



منتدى اقرأ الثقافي

موطیع وه هەوا و نەفسێ نا شـوپاس[٥]
ڕیش سپی ، ڕووڕەش سەرخۆش و مەدهۆش
تاکەی جەهەنمم پەی وێت مدەی جۆش ![٦]
ویـەردەت ویـەرد ئاگـەڕێتـەوە
ڕۆی قیامـەتـت نـاوڕێتـەوه[٧]
مەر جـە مووی سپی وێت شـەرمت نییـەن !
پۆستت زەعیف بی ، هێمات وەس نییەن ![٨]
تـا کـەی بێزاری جـە دین و طاعـەت
جە ناکەردەییت کـەی مشۆت تاقەت[٩]
تاقـەتت بی تاق ، تاق بیت لـە تاقـەت
ئیسـە بێ تاقـەت ، تاقە لێت تاقەت[١٠]

---

(٥) مەغروور : لە خۆبایی • موطیع : گوێڕایەڵ • وه هەوا : به ئارەزوو • نەفسی نا سوپاس : دەروونی سپڵـە •

(٦) سەرخۆش : سەرخۆش به خۆشییەکی کـورتی ژیـانی کورت • پـەی وێت : بۆ خۆت • مدە جۆش : جۆش ئەدەی ، هەڵئەکەی •

(٧) ویەردەت ویەرد : ڕابوردووت ڕابورد • ڕۆی قیامەتت : ڕۆژی قیامەتت ، هاوار و ڕۆڕۆی ناوڕیتەوه : نابڕێتەوه ، کۆتایی نایە •

(٨) مـەر : مەگەر • پۆستت پێستت • زەعیف بی : لاواز بوو • هێمان : هێشتا • وەس نییەن : بەس نییە ••• بۆچی ، مەگەر شەرم لە مووی سپیی سەرو ڕیشت ناکەی !! وا پێستت بەسەر لەشتا وشکو چرچو لۆچ بوو، و بێ هێز و لاوازی ••• ئیتر تا کە ، هێشتا بەس نییە !! (سەرەوای هۆنراوەکە دووبارەیە !! )

(٩) طاعەت : بەجێ هێنانی فەرمانەکانی یەزدانی گەوره • جە ناکەردەییت : لە کردەوەی ناپەسەندت • کەی مشۆت تاقەت : کەی ئارەزووت نامێنێ و بەسەر ئەچێ !!

(١٠) تاقەتت بی تاق : توانات نەماوە • تاق بیت لـە تاقەت : لـە توانا و هەوەس جیا بوویتەوه ، تاقە لێت تاقەت : هەوەس و ئارەزووش لـە تـۆ بەدووره • هـەر هـەمان وشەی ( تاقـەت ) سێ جار بـۆ سـەروا دووباره کراوەتەوه •



منتدى اقرأ الثقافي

وه بای ژینده‌گیی ئیمڕۆزو فـه‌ردا
مینای ئیمانی وێـت دا وه بـه‌ردا[11]
هه‌وای شه‌بابی ویـه‌رد جه ده‌مـاخ
ها بیت وه هامڕاز ناڵـه‌و ئـاخوداخ[12]
قووه‌ی سامیعه‌ت دوور نزیك کـه‌رده‌ن
بینایی بێ نوور نزیك دوور که‌رده‌ن[13]
شنه‌وای گۆشت دوور نزیك کـه‌رده‌ن
بینایی عه‌ینت نزیـك دوور کـه‌رده‌ن[14]

---

(١١) ئه‌م تاکه ، له‌گه‌ڵ تەنیا جیاوازییه‌کی زۆر که‌ما ، له هۆنراوه‌ی ( ئـه‌ی نه‌فسی سه‌رکه‌ش گومڕای بێ که‌ماڵ ) دا ، دوا دێڕه ، وه له هۆنراوه ( ڕاگه‌ی مه‌ینه‌تان پیری نه‌وه‌ره‌ن ) دا ، دێڕی پێنجه‌مه ... بڕوانـــه ل٣٢ ، ل١٢ .

(١٢) هه‌وای شه‌بابی : هه‌وه‌س‌و ئاره‌زووی لاوێتی .. ویه‌رد جه ده‌ماخ : له سه‌را نه‌ما .. ها بیت : وا بوویت .. هه‌وا و هه‌ده‌سی ســه‌رده‌می لاوێتیت به‌سه‌رچوو ، ده‌سمایه‌که‌ت پووچ ده‌رچوو ، وا ئیستا بوویته هاوڕاز و هاوده‌می هاوار و ناڵه و ئاخ و داخ ..
١٣ ، ١٤ : قووه‌ی سامیعه‌ت : توانای بیستنت .. که‌رده‌ن : کردووه .. شنه‌وای گۆشته : بیستنی گوێت .. ســه‌روا و ناوه‌ڕۆکی هــه‌ردوو دێڕه‌که هه‌ر یه‌کن .. سه‌رواش دووباره‌یـه .. مه‌ولـه‌وی نـه‌مر زۆر جوانی فه‌رمووه :

**پۆسی کووسی گۆش نم کێشـان کـه‌م کـه‌م**
**ئی ســه‌ره و ســه‌ره‌ن دوور بینا که‌ی چـه‌م**

« مه‌لا عبدالکریمی مدرس ، دیوانی مه‌وله‌وی ، ل ٤٧٧ »
پیره‌مێردی نه‌مریش زۆر جوان گوزارشتی بۆ سۆزانی :

**پێســتی تـه‌پڵی گوێم شـێی کێشـا ، خاو خاو**
**ئـه‌م بـســه‌ره و بـســه‌ره دووربینـه‌کـه‌ی چـاو**

دیاره بۆ خۆیشی هه‌مان‌ده‌ردی چه‌شتووه



منتدى اقرأ الثقافي

# پیتی

## - ج -

- ١ -

جیلوەی جەلای جـام جەمینت جەمــەن
جامی جەم نە شەمع جەمینــت کەمــەن[١]
تا شەعشەعەی شەمع پەرویــن تە ســەرەن
جەلای ئاینــەمی ئــەو زیاتــەرەن[٢]

---

(١) جیلوە : نواندن ، دەرکــەوتن · جــەلا : ڕووناکی ، ڕۆشنی « جــام » ئاوێنە · جەمینت : ناوچەوانــت ، ڕوومەتت · جــەمــەن ، جــەمعەن : کۆبووەتەوە ، تەواوە · جامی جەم : ئاوێندی جەمشید جامی جــەم ـ جەمشید ـ لە هۆنراوەی کلاسیك و ئەفسانەی دێرینەدا زۆر جار نــاو هێنراوە ، گوایــە ئەو ئاوێتەیــە جیهانی نواندووە و لــە کاتی جەنگیشا هەڵسوکــەوتی لــە شکری دوژمنی تیا بــەدی کراوە ، ··· گەلێ جاریش لە داهاتووی ڕۆژگاری ئەو سەردەمە ئاگاداربوون ·

(٢) شەعشەعە : ورشەو پرشە · پەروین : ئەستێرەی کۆ · تە سەرەن : لە بەرزیدایە · ئاینە : ئاوێنە ··· زیانەرەن : زیاترە ·



منتدى اقرأ الثقافي

# پیتــی

## – چ –

### – ١ –

چەم پر هەرس و هوون ، دڵ جە ماتەمدا
تای تاقەت تاقــەن نە گێجـی خەمــدا[١]
تاکەی وە هیجــران دەروون بــدۆ چــڵ
یا جارێچ چەمەی چەم کەی وە مەنزڵ[٢]
بەڵ لیلاڵوی لیڵ جۆنی چەم ڕەوشەن بــۆ
کۆکۆی حەسرەتان پەرێم گوڵشەن بۆ[٣]
سا بەڵ ڕەوشەن بۆ دوو دیــدەی تــارم
خەیلێوەن پەرێــت دڵ پڕ ئــازارم[٤]
دانــە و دامــی دەرد دیســان نیــاوە
ڕیشەی حەیاتــم یەکجــار کێشــاوە[٥]
هەوەسیای هاژدی هوونەی هەرسی چەم

---

(١) هەرس و هوون : فرمێسك و خوێن · نە گێجی : لە گێژاوی ·
(٢) بــدۆ چــڵ : چــڵ بکا · جارێــچ : جارێکیش · چــەمــەی چــەم : سەرچاوەی چاو ، بیبیلەی چاو · وە مەنزڵ : بە هەوارگە ·
(٣) بەڵ : بەڵکو · پەرێم : بۆم
(٤) تارم : تاریکم ــ خەیلێوەن : دەمێکە · پەرێت : بۆت ·
(٥) دانە و دام : دانە و داو · نیاوە : نایەوە ··· دیسانەوە دانــە و داوی دەردی نایەوەو بە ئێجگاری ڕەگظ و ڕیشەی ژیانمی لە بن دەرکێشا ·



منتدى اقرأ الثقافي

مەتەرسووت تۆفان نووح باوەرۆ هەم[٦]

وەڵگەکەی سەرتەڵ حەیات شینشـەن

مامەڵەی ویـداع تـۆ نەدیتشـەن[٧]

وەڵگەکەی سەرتەڵ دارەکـەی حەیـات

دیماودیمشەت وە بای ڕای مەمات[٨]

---

(٦) تۆفان : با و بۆران و لافاو و هەڵچوونی ئاو لە هەموو لایەکـەوە ، باوەرۆ هەم : بەرپا بکا ٠٠ ئەترسم کە بە هاژە و هەڵچوونی لافاوی فرمێسکی چاوەکانم تۆفانی نووح بەرپا بێ ٠

(٧) وەڵگەکەی سەرتەڵ : گەڵای سەرتەرز ـ مامەڵە ویداع : سەودای ماڵ ئاوایی ٠ تۆ نەدینشەن : نەدیتنی تۆیەتی ٠٠٠ گەڵای سەرتەرزی گەرمەی ژیانم گەرمەی شینیەتی ، چونکە خەریکی ماڵ ئاوایی کردنە لە تۆ و ئیتر چاوی بە دیدارت شاد نابـێ ٠٠

(٨) دیماودیمشەت : ئەمدیوو ئەو دیویەتی ٠٠



منتدى اقرأ الثقافي

# پیتی

## ـ د ـ

ـ ١ ـ

دەرد وە بانی دەرد ، زامی کۆنەو نۆ
گردین وە یەکجار ئاوەردەن وە سۆ(١)
کەی مەیۆ تامڵ وەی گشت دەردەوە
وەی کزەی دەروون ، گەیی‌و سەردەوە(٢)
...... بالآت ، بەڵام خەلآتەت
دیدەم حەسرەتناك سەروی بالآتەن(٣)
گڕەی گەرمیی دەرد دەروونم تەم دا
زوخاو مەوج مدۆ نە چەمەی چەمدا(٤)
قەڵوازەی زوخاو زامە تازەکەم
نەشئەی تای حەیات وە دەم گازەکەم(٥)
پەی لوای ( ئەحمەد ) سەرگەردانە وێم
ڕووسیای مەجلیس هامدەردانە وێم(٦)

---

(*) بە بۆنەی کۆچی بەرێز ( حاجی کاك ئەحمەدی شێخ ) ە وە .
(١) گردین : گشت . ئاوەردەن وە سۆ : هێناوەتە سوێ :
(٢) مەیۆ تامڵ : ئارام نەبێ . لە جیاتی ( سەردەوە ) نووسراوە ( دەردەوە ) ، دیارە ئەمە سەهوی تۆمار کردنە ، بێ‌گومان ( سەردەوە ) دروستترە .
(٣) بۆشایی‌یەکە کوژاوەتەوە .
(٤ ـ ٥) لە واتادا دەرئەکەوێ کە ئەم دوو دێڕە پاش و پێش تۆمار کراون ... ئەگەر لە جێی یەکتردا بوونایە واتاکەش ڕاستتر و دروستتر ئەبوو .



منتدى اقرأ الثقافي

سەرکەردەی خەمان ، خاتر خار خارم
پەی لوای ( ئەحمەد ) جە ڕۆح بێزارم(٧)
سا چی بکەم ئازیز نە تۆ تۆی دەروون
وەختەن چوون مەجنوون توون وام تە تۆی توون(٨)
پەی ذیکری قەلبی ، ئەفکارو تەوحید
دەك لێلاییم بۆ پەی تازەو مورشید(٩)
**پـــۆی پـــەلاشـــەی . . . . . . .**
سەراپای هەستی وە ئـازار ڕشتــەم(١٠)
هـا نـە هـەرسی هیجر هاناو هـەی ڕۆشـەن
گەرمـەی دەردشـەت ، ئارەزووی تۆشەن(١١)
زامانـی کـاری وە تیر کـەردەکـەت
وسـت وەهـ ڕای مـەمات دڵ پـەڕ دەردەکـەت(١٢)
دڵ پـڕ داخ‌و دوود ، چەم چـەمەی ئەسرین
هـا ، ها ، عـەزیزم جارێ با بویـن(١٣)

---

(٦) **پەی لوای : بۆ ڕۆیشتی ، کۆچی · وێم : خـۆم ·**
(٧) **خاتر خارخارم : دڵم هەلاهەلایە · جە : لە ·**
(٨) نە تۆ تۆی : **لە توێ توێی · توون وام نە تۆی تـوون : بە دەشـت‌ودەرو دۆڵ‌و چەما وێڵ بـم ·**
(٩) پەی ذیکری قەلبی : بۆ یادکردنی خوا بە دڵ · مورشید : ڕابەر ·
(١١) بۆشایی‌یەکە کوژاوەتەوە ··· هەستی : بوون · ڕشتە : داڕێژراو ··· سەراپا هەموو بوونی من داڕێژراوی ئازار و ئەشکەنجەیە ·
(١٢) وست وەهـ ڕای : خستیە ڕێی · مەمات : مەرگ ·
(١٣) دوود : دووکەڵ · چەم چەمە ئەسرین : چاو سەرچاوەی فرمێسك · بوین : ببینێ ··· دڵم پڕە لە داخ‌و دووکەڵی ڕەش ، چاویشم بووەتە سەرچاوەی فرمێسکی گەرم ، سا ئەمە خوایە ، بەڵکـو جارێکـی تر بـە دیداری خۆشەویستەکەم شادبم ·



منتدى اقرأ الثقافي

تا مەحشەر داماو شەق مەوا خاکم

هەر زۆخ تۆشی هیجر ئەحمەدی کاکم[١٤]

( سەودایی ) سەودای حەیاتش وەردا

ئێمەیچ سەفەرمان ئەمڕۆ ، یا فەردا[١٥]

---

(١٤) ماما : دێ · شەق مەوا : شەق ئەیا ··· تا ڕۆژی زیندوو بوونەوە و شەق بردنی گلکۆکەم و ڕاستبووتەوە ، بۆ گۆچی ئەحمەدی کاکی ، هەمیشە هەر زوخاو ئەنۆشم ·

(١٥) وەردا : بەردا · فەردا : سبەی ·



منتدى اقرأ الثقافي

داخ وه بانـی داخ زرخاوی[*] خاڵت
سـەیرانگای وه شەوق دارەکـەنی هاڵت[١]
زرەی زەنگڵەی زەڕ پای سـەقر و شمقاڕ
چریکـەی تەواران شـەهێنی خووتخوار[٢]
ئیسـته جه دووریت بێشەوق‌و کـەیفـەن
ڕێزەی جـەرگم بـۆ ، سەد هەزار حەیفەن[٣]
سـارای بازیان وه بێنـاز کـەفتـەت
کڵپـەی هـەناسەش چوون کوورەی تەقتەن[٤]
تاقیـق ئـەویچ دەرد هیجرانش وەردەن
یـا چوون من باڵای مەحموود گم کەردەن[٥]
خرنگـە بۆرچینان پۆڕچـەی تاوس تـەرز
بێ دەماخ نـە داخ سـوڵتانی ڕووی ئـەرز[٦]
خاڵۆت وەی گشـت زام خـەتەرناکەوه

---

(*) ئەم هۆنراوەیەشی به بۆنەی بەدیل‌گرتنی شێخ مەحموودی نەمـرەوه دانــــاوه ٠

(١) دارەکەی هاڵ : کۆمەڵێ دار بەڕوون ، کەوتوونەته سەر گردێ ، لـه تەنیشت گوندی هاڵەوه ، لەولای ئەڵلاییەوه ، لـه سەر ڕێی گونـدی دێلێژه ٠٠ جێی حەوانەوەی شێخ بووه ٠

(٢) زەنگڵەی زەڕ : زەنگوڵەی زێڕ ٠ سەقر : صەقەر ، هەڵۆ باڵندەیەکی دڕ و بەچنکی ڕاوکردنه ٠ که ماڵی ئەکرێ و مەشقی ڕاوی پێ ئەکـرێ ٠ زەنگوڵەیەکی بچکۆله ئەبەسترێ به قاچیەوه ٠ شمقاڕ : ئەمیش باڵدارێکی وەکو هەڵۆیه ٠

(٣) ڕێزەی جەرگم بۆ : جەرگم داڕزێ ٠

(٤) سارا : دەشت ٠ کەفتەن : کەوتووه ٠ تەفتەن : تەوته ٠

(٥) تاقیق : تحقیق : بێ‌گومان ٠ وەردەن : خواردووه ٠ گم کەردەن : گوم کردووه ٠

(٦) بۆرچین : مراوی ٠ پۆڕچه : پۆڕ ٠ تاوس تەرز : وەکو تاوس ٠



منتدى اقرأ الثقافي

ئومێد هەن وە ڕزات تەنیای تاکەوە[٧]
بوینۆ جە نەو باڵات سەراسەر
وشکاوش بەیۆ جۆی زۆخی جگەر[٨]
پۆی پەلاسەی پۆس زوخاوان چەشتەم
سەراپای هەستی وە ئازار ڕشتەم[٩]
خاڵۆ جە دووریت حەیات بێزامەت
ڕێزیای ئەسرین وە تاو ڕێزامەن[١٠]
ڕەگی تەن تاڵ تاڵ جە هەم وەلاوەن
وە مەودای ئەڵماس دووریت • بڕاوەن[١١]
هەر بەند جۆشی سەخت ها نە دەروونْدا
مەر وە وێنەی قەیس شووم وە تۆی توونْدا[١٢]
وارگەی مەینەتان قەیسی دڵ خەمین
کەروون وە یاتاخ پەرێ شەو تاڵین[١٣]
تا شوون وە کۆی تەژد تەن زوخاڵەوە

---

(٧) وەی : بەم • هەن : هەیە •

(٨) (٩) بوینۆ : ببینێ • جە نەو : لە نوێ • وشکاوش بەیۆ : وشکاوی بێ • جۆی زۆخی : جۆگەی زوخاوی •
بەلاس : پەڕۆ و بەرگی شڕ • پۆس : پێست •• چەشتە : چێشتوو • هەستی : بوون • ڕەشتە : ڕەشتوو ، داڕێژراو •••• لە نوێ کە چاوم بە بالأت بکەوێ ، جۆگەی زوخاوی جگەرم وشکاوی بێت و کۆتایی بێت بە بەرگی شڕ و وڕم و سەراپای بوونی پڕ زوخاو و ئازارم بکەوێتە شاد •

(١٠) حەیات بێزامەن : ژیانم بێزراوە ، لەبەر چاوکەوتووە ــ ئەژی •

(١١) ڕەگی تەن : دەماری لەش • جە هەم وەلاوەن : لە یەك جیایە ئەشکرێ بڕترێ : تێك ئالاوە •• وە مەودای : بە تووکی تیژی •

(١٢) هەر بەند : هەز ئەوەندە • ها تە : وا لە • مەر : مەگەر • شووم : بچم

(١٣) وارگە : هەوارگە ، مەلبەند • کەروون : بکەم •• پەرێ : بۆ



منتدى اقرأ الثقافي

نالآن وام هـاردەم وە مەلالـەوە[١٤]

وەی ڕیشی سفید وەی ڕووی سـیاوە

ڕوو مالووم بـە خاك كاوەتولآوە[١٥]

جـەو مـەقامی خاس حـەزرەتی خـەلیل

جـە موارەكی زەبیـح ئیسـماعیل[١٦]

ڕوو مالّم نـە خاك وە حـەزینـەوە

وە كـزەی دەروون ئاهیرینـەوە[١٧]

داندەی ئـەسـرار سـڕی نیهانی

جـەو « ما في » الصـدور » وێت خاس مزانی[١٨]

وە لوطفی عـەمیم عیلمی عـەللامت

بـە حـەقی ئـەسرار نـە تۆی كـەلامت[١٩]

ڕەحمێ كـەی وە حـاڵ ئـەی ڕووسـیاوە

---

(١٤) كۆی نەژد : كێوی نەجد ، هەوارگەی قەیس · نالآن دام : بنالێنم · وە مەلالەوە : بە كز و زویری ·

(١٥) سفید : سپی · وەی ڕووی سیاوە : بەم ڕووە ڕەشەوە : ڕوو مالـووم : ڕوومەتم هەڵسووم ·

(١٦) مەقامی حەزرەتی خەلیل : نشیتكە و جێ‌نوێژی حەزرەتی ئیبراهیـم · جە موارەكی ـ موبارەكی : لە پیرۆزی · زەبیح : سەربڕراو ·

(١٧) ئاهیرینەوە : ئاگرینەوە ·

(١٨) داندەی ئەسرار : زانا و بەئاگا بە هەموو نهێنی‌یەك · سڕی نیهانی : نهێنی‌ی نادیار و پەنامەكی · جەو : لەو · ما في الصدور : هەرچی لە سنگ و هەناوایە · وێت خاس مزانی : خۆت باش ئەزانی ·

(١٩) وە لوطفی عەمیم : بە سۆز فراوانت · عیلمی عەللامت : زانایی لـە ڕادە بەدەرت ·



منتدى اقرأ الثقافي

شـــا مەحموود وینووم لادێ جـە لاوە[٢٠]

خاڵۆ ، خاڵۆکـەت خـەمان خـەم کـەردەن

پـەی قاپیی عـەدەم ئامادەم ئامادەم کەردەن[٢١]

بـەند ئـەسرینی گـەرم وە چەمدا ڕێزا

موژەی مـەینەتیم تۆی دیـدە بێزا[٢٢]

بـڕیا بـەندی دڵ ، ڕزیا پەڕەی جـەرگ

ئای لـەو ژیانـە ، سـەد خۆزگـە وە مەرگ[٢٣]

---

(٢٠) وینووم : بیینم · لادێ ( پیتی د منگنە ) : کەمێ ، توزێك ·

(٢١) خەمان خەم کەردەن : خەم چەماندوویەتەوە · عەدەم : مردن ، مەرگ ·

(٢٢) وە چەمدا : بە چاوا · ڕێزا : ڕژا : هاتە خوارێ · موژە : برژانگ ·
بێزا : لێی بێزرا ·

(٢٣) بڕیا : بڕا · ڕزیا : داڕزا ·

# پیتی

## ـ هـ ـ

ـ ١ ـ

هەسارەی تاڵەی شوومی تاڵەی شووم
نەگێجاوی دەرد ، دەریا بی نگووم[١]
ها نە گۆشەی تار بەحرەکەی بێ پەی
نییەن جای ئومێد کەی بییەن ، وەی ، کەی[٢]
تۆ وە تیر تەڕەکەش تا وادەی ....
کاری زار وەسەن ، مۆبەت کەر وە کار[٣]
من تەن سقنەکەی خەستەی زام خەتەر
سا تۆ خۆفت بو جە ( یوم المحشر )[٤]
من هیچ بەرکەنار ، جەستەی خەستەی زام
شادی و ، وەشی و عەیش سموومەن جە لام[٥]

---

(١) هەسارە : ئەستێرە . بی نگووم : سەرنگووم بوو ، نوقم بوو ... لە نائومێدی و بەختیم ، ترووسکەیەکی ئەستێرەی هیوام هەبوو ، ئەویش لە گێژاوی دەریای دەرد و ئازارا سەرنگووم بوو .

(٢) ها : وا . بێ پەی بن و سنوور .

(٣) کاری زار وەسەن ! پیشەی گریان بەسە . مۆبەت کەر وە کار : خۆشەویستی بخەرە کار ، بەکار بێنە .. پۆشەکە کوژاوەتەوە تیرتەڕکەش : تیری تازەو ئامادەی ناوکەوان .

(٤) تەن سفتە : لەش ـ جەستە ـ سووتاو .

(٥) بەر کەنار : بخە ئەو لاوە ، بایەخی پێ مەدە ، سموومەن جە لام : لە لام ژەهرن .



منتدى اقرأ الثقافي

بەڵام تۆ وە عەشق شەونشینی شەو
وە تۆفانی تۆف تۆی دەروون وە دەو[٦]
وەس وەشەست قەستی جەستەی خەستەم کەر
لادێ ڕووی عەطات وە ڕووی من ( ڕوو ) کەر[٧]
بەڵ گەردەکەی پای ئەو گەردەن بێگەرد
مەڵهەم دۆ نە تۆی دەروونی پڕ دەرد[٨]

---

(٦) وە دەو : بە گورجی ، بە خێرایی ٠
(٧) وەس وەشەست : بەس بە تیر ٠ قەستی جەستەی خەستەم کەر : نیاز و مەبەستت جەستەی خەستە و بیمار من بێ ٠ عەطا : بەخشینەوە ٠ بە دوو وشەی ( من ڕوو ) سەروا تێک ئەچێ ٠٠ ئەبێ وشەیەکی تر بێ و سەروای بگونجێ ، بۆ نموونە ، وەکو وشەی ( گەستەم ) ٠
(٨) بەڵ گەردەکەی پای : بەڵکو تۆزی پێی ٠ مەڵهەم دۆ : مەڵهەم بدا ٠٠



منتدى اقرأ الثقافي

هــەوری ڕووی ڕەحمــەت بێپایانی حــەق
جه کارخانەی غــەیو ، غەیووری موطڵــەق[١]
ڕەحمــەت ڕەوان کــا ، تا ئاخیرەلکار
وه ماوای مــەحموود ، مــەحبووبی موختار[٢]
هــەر ساتێ ســەد جار ســەرڕێژ کــا وه تاو
پــەی پاکانی پاك گشــت ئال و ئــەصحاو
زرنگــەی قافڵــەکەی مــەینەتبارەکــەم
دیارداو ئاما ســەرقــەتارەکــەم[٣]
ســەرقافڵــەباشــی وارگــەش نیاوه
وارگه و کێلگــەی خەم دیسان دیاوه[٤]
فەوجی بارخانەی خــەمان لام جەم بــی
دیده و دڵ ، دەروون وەهــەمدا تــەم بی[٥]
تــەم و نم و غــەم جۆش دا وه هــەم دا
••••• حەسرەت ســەرکەرد وه چــەدا[٦]

(*) دیسانەوه بۆ شێخ مەحموودی نەمر •
(١) بێپایان : بێکۆتایی ، بێئەندازه •
غەیو : غەیب ، نادیار • غەیــوری موطڵــەق : یــەزدانی گــەوره ، تــوانا هەمیشەیی و له ڕادەبەدەرو نەبڕاوەیه •
(٣) زرنگه : دەنگی زەنگ • دیاردا : دەرکەوت • ئاما : هات • سەرقەتار : پێشەنگی کاروان •
(٤) وارگەش نیاوه : بارگەی نایــەوه ، خست • دیاوه : دەرکــەوتــەوه ، دیاری دایەوه •
(٥) فەوج : کۆمەڵ • جەم بی : کۆبووەوه • وەهەمدا : بەیەکا • پێکەوه •
(٦) بۆ شایی‌یەکه ڕوون و دیار نی‌یه ، له وشەی ــ نەوەردی ــ ئەچێ ، به واتای نەبەردی ، سەر ــ رسەختی ••• ئەم وشەیــەش دروست و گونجاوه • چەم : چاو •



منتدى اقرأ الثقافي

شووومی تاڵەی شووم تاڵی تاڵ خۆراك
نیشتەی پای میحراو حەسرەت‌و غەمناك[٧]
ئازیز دێرمەن بنمانە باڵا
سینەم کەر وە تێغ مەینەت یەکاڵا[٨]
پا بنیە وە بان داغمەی جەرگم‌دا
هوونەی هوونی جەرگ وەسەر بەرگم‌دا[٩]
بەڵ ڕستگار بووم جەی گشت دەردەوە
کۆچ کەرووم وە تاو ئەودیو پەردەوە[١٠]
بدیە داغمەی جەرگ چوون دیاری‌یەن
وێنەی فواران هوون لێش جاری‌یەن[١١]
تاکەی زووخی زام بادەی جامم بۆ
شادی‌و وەشی‌و عەیش ئێش زامم بۆ[١٢]

---

٧) شووم ، شۆم : نەگبەتی · تاڵە ، طالع : بەخت ، چارە · نیشتەی : دانیشتووی ·

٨) دێرمەن : درەنگمە · بنمانە باڵا بنوێنە · ئەم دێڕەش بە کەمێك جیاوازییەوە لە ل٢٢ دا یەکەم دێڕە ·

٩) پا بنیە : پێ بنێ · وە بان : بەسەر · داغمە : داخ ، جێی داخ‌کراو · هوونی جەرگ : قوڵپی خوێنی جەرگ ·

١٠) بەڵ : بەڵکو · ڕستگار بووم : ڕزگار بم – جە : لەم · کەرووم : بکەم · وە تاو : بە گورجی ، خێرایی ·

١١) بدیە : بڕوانە ، سەیر کە · دیاری‌یەن : دیارە · هوون لێش جاری‌یەن : خوێنی لێ ئەچێ ·

١٢) زووخ : هەوو کێم · بادە : مەی · تا کەی هەو و کێم و زوخاو لەجیاتی مەی جامم بێ‌و ، ئازاری زام‌و برینم لە جیاتی ژین‌و شادی‌و خۆشیم بێ ··



منتدى اقرأ الثقافي

زەبوونی و دەردی نەهاتی و ، ذیکری خوا بۆ ڕەحمەتبارین
ئەڵێی عالەم بەڕۆژووە و ساڵ هەر مانگی ڕەمەزانە
چاوەڕێی هیلالی عیدین شەووال ڕەحمەتی خوا بێنێ
عالەم نەجات بێ لە شەڕی ئەم شەیتان و کافرانە[1]
لە ترسی مەرگ و بێ نانی هاری کردین ، ڕاستی نەما
دزی و جەردەیی و پیاو کوشتن بووە بە کاری ڕۆژانە
سەگ و پشیلە و مەردوم وەك یەك لە لاکی یەکتر ئەخۆن
کێ ئازایە سەری دەرکا و بگاتە ڕۆژی فەرحانە ![2]ـ
شێخ دەروێشی بەردا ، تەکیەی بێ نان ، دەنگی دەفی نایە
لە دەردی ئاوڵە و تاعوون و سیل عالەم گشت پەرێشانە
زەمانێکی پڕ ئاشووبە ، جەوهەری پیاوەتیی تکان
ئاشتی نەما ، هەرکەس خەمەخۆیەتی ، شیوەنی نانە
هەزاران قەل و داڵ خواردی ، بەختیارە ئەو کەسەی تێژرا
قەدر و حورمەت قۆڕەی سکە ، کەس بە کەسێ ناڵێ گیانە
دایك و باوك نانە ، ئەمڕۆ عافیەت خوشك و برایە
کەسیەتی سەرەخۆرییە ، چوونیەکی لە سەرقەبرانە
پاروو لە قوڕگی شێرایە ، هەر چەك بەدەس حەساویە
تەگیەتیی هەزارە شەڕی نەهامەتی ئەم جیهانە
لەم بەختە ڕەشە ! •• ئینگلیز و ڕووس شەڕ ئەکا کورد تیائەچێ

---

(١) هیلالی عید : مانگی کەوانی جەژن ••• لە ئێوارە دوا ڕۆژی ڕەمەزانا کە مانگ ئەبینرێ کەوانێکی باریك و بچکۆلەیە • شەووال : مانگی شەووال •• یەکەم ڕۆژی مانگی شەووال یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانە •

(٢) ڕۆژی فەرحانە ، فەرەح : ڕۆژی گوشادی و شادی •



منتدى اقرأ الثقافي

ئـەم کوردە لانـەوازە هـەر بـەشی شـەق و تی‌هـەڵدانـە[3]
سوخرە و بێـکـاری ، بە لاتـی و هێشـتا بۆلـە و شـەقی ئاغـا
پـــەڕتـەوازەی بێ‌سـەردارین وا ئیسـتیقلالمان گـرانـە[4]
عالـەم یەك نەگریێ و یـەك دڵ هـەوڵێ نـەدەن بـۆ ئیستیقلال
بـەڵامـان هـەزار بـەڵایـە و کوردسـتان هـەر گۆڕسـتانـــە
کـوردە ، غیرەتـێ فرسـەتـە ئـــەمڕۆ ، لادە لـــە تاکۆکـی
بـەدی و خەیانـەت بەســە ، بـۆ یەکێتـی ڕۆژی مـەردانـە[5]
بـــۆ کورسـی و پـارە خزمـەتی بێگانـە دادی گـــەل نـادا
لـــە هـەموو شـت پیرۆزترە ڕزگـاریی ئـەم کوردسـتانــە
خوایـــە ، کـردەوەی خراپـی خۆمانـە وا حاڵمـان شـــڕە
نـەجاتمان دەی بـە ڕەحمەتی خـۆت ( سبحان الله ) سوبحانە[6]
( انا للـه و انـا الیـه راجعـون ) بلـی ٠٠

سەودایی – کە ئاشـتی و خۆشی دێ لـە پاش شەڕو تەنگانە[7]

---

(٣) ڕووس : ڕووسی قـەیسەری ٠٠
(٤) سوخرە : بێکاری ٠٠ ئیش پێ‌کردن بە زۆر و شـەق و بـێ کـرێ ٠ پەرتەوازە ، پەرەوازە : پەرش و بڵاو ٠ ئیستیقلال : سەربەخۆیی ٠٠
(٥) لە سەردەم و کۆتایی جـەنگی جیهانی یـەکـەما ، هـەموو گـەلـە ژێردەستەکانی ئیمپەراتۆریـەتی عوسمـانلی ڕاپـەڕین و داوای ئـازاد و سەربەخۆیی‌یان کرد ٠٠ لەو کات و دەرفەتە بەجێیەدا شاعیر زیاتر بانگەوازی خۆی بەرز ئەکاتەوە بۆ گەلی کورد ٠
(٦) سبحان الله : پاکی و بێ‌گەردی هەر بۆ خوایە ٠
(٧) انا لله وانا الیه راجعون : ئێمە بوو نەوەری خواین و هەر ئەگەڕێنیـەوە بۆ بارەگای خـۆی– قورئانی پیرۆز ٠٠ ئـەم ئایەتـە لـەوەختی هاتنی مەرسك بەئەو مسیبەتدا ئەخوێنرێ ٠ ئاشتی و خۆشـی دێ لـە پـاش شەڕ و تەنگانە : ئاماژەیە – ئیشارەتە ٠٠ بـەم ئایەتـە پیـرۆزە کـە ئەفەرموێ : انَّ مع العسر یسرا ٠



منتدى اقرأ الثقافي

## وارثی میراتــی نــالی و مــەثنــەویــم

## جانشینی زێوەر و مــەعبدورحیم[١]

(١) واریث : ئەو کەسەیە کەلەپووری پێشووابن بۆ ئەمێنێتەوە : میرات : کەلەپوور ٠ مەثنەوی : زانا و شاعــیر گەورەی تەصــەووفی ئێــرانی ، لە بوار و ڕێبازی تەصەووفدا دیووانەکەی بەناوبانگترین بەرهەمــە ٠٠ زێوەر : بۆم ساخ نەبووەوە مەبەستی لە کێیە ٠٠ ناشکرێ مەبەستی لە زێوەیی شاعیر بێ ــ عەبدوللا کوڕی محەممەد کوڕی مەلا ڕەسوول ، ١٨٧٥ ــ ١٩٤٨ ــ بەتایبەتی سەودایی زۆر لە زێوەر بە تەمەنتر بووە و « ٢١ » ساڵیش پێش ئەو مردووە و نەبــووە بە کەلەپوور گیــری ٠٠ لە ڕۆژنامەی ژیندا ، ژمارە ٩٤٣ ، ڕۆژی ١٨ ی تشرینی دوورەم ، ساڵی ١٩٤٨ ، مامۆستــا پیرەمێرد نــەمــر دەربــارەی شاعیرێکمــان ، کــە نازناوی ٠ زێوەرە

ئەم بابەنەی خــوارەوەی نووســیوە

زێوەری بــــە قــــەدر

( ئەمرۆ لە کۆنە کاغەزیکا ، کۆنە غەزەلێکی ( کۆنە ) شاعرێکم دۆزییەوە، با تازەکان بتوانن تەرزی پێ بشکێنن ٠٠٠ )

بەسراوی داوی چاوی شۆخێکی نەوجەوانم گیراوی تاوی داوی راوکەری عاشقانم دەلیلی لەیلی بێ مەیل ، مەجنوونی وێڵی دوجەیل بێ یار و کار و بارم ، هاوشانی وەحشیانم تکا ، شکا ، بەجارێ : شەراب و شوونەکەی دڵ دەرکەوت ڕازی نیهانم ، ئەیشتە سەرِ زوبانم لە داخی باغ و ڕاغی ڕووی بلبلم ئەناڵم لە دووریی سەروری باڵای، فم کە پڕ قوغانم مەنــوارە گفتو گۆی من ، بنوارە جستوجۆی من شیرینە شیعرو نەثرم ، مەدداخی دڵبەرانم دڵ بۆ تۆ بۆتە بۆتە ، پڕ ئاگر و بەتاوە وا دڵ لەدەستچوو ، ئەمجا خەریکی پاسی ئیانم من پەستی شەستو مەستی چاومەستو عیشوە خەستەم موحتاجی باجی ماچی ڕوومەتگوڵی جینانم سەدبارە حیلەبازی ، جارجارە دڵنەوازی گاهێ لە سەر زەمینم ، گاهێ لە ئاسمانم « زێوەر » غــولامی خۆتە ، تۆ بێوەفاییی خۆتە جارێك پێی بڵــێ وەرە ، تۆی عەبدی ئاستانم ٠٠٠

لە سەرنجدانی ئەم بەرهەمە بەرز و دانسقەیەدا توانا و پلەی هونەری و ڕادەی ئەدیبی ئەم کەڵە شاعیرە کۆنە مان بۆ دەرئەکەوێ ٠٠٠ جا ئەکرێ ←



منتدى اقرأ الثقافي

تاجی ڕەزایـە لە سەرما ، قیمـەتی کردووە
دڵ دەڵێ لـە غـەمدا وەکو ماهی ئاویم(٢)
ئەگەر سـاتێ لـەو بڕێم وا بزانن مردووم
یار دەڵێ بێ ، بیبینـە خاڵی ماویم(٣)
لە غەم جیا بم نامێنم ، ڕۆیی تەبیم ، زەحمەتـە
کـە چ بکەم لەم موشکیلـە ، هەم لە بێ خاویم(٤)
خودایـە حاڵی مـن وەهایـە ، چ تەدبیرێ بکەم
بە حاڵی « سەودا » کەس ڕەحمی نییە ، لە بەدناویم .

---

سەودایی مەبەستی ئەو شاعیرە بەرزە بێ کە مامۆستا پیرەمێردی نەمـر یادێـکی زۆر پیرۆزی کـردووەو نـاوی خستۆتـە کـۆڕی شـاعیرە بەهرەوەرەکانمانەوە ... هیواداریـن کە شارەزایان و سەوداسەرانی ئەدەبی کورد بتوانن بەرهەمو ناوی ئەم شاعیرەو نەژادی سەدان شاعیرو زانای ترمان ساخ بکەنەوە ... لە دوای ژمارەی « ژین »ی ناوی براو، هـەر بەدوای ئـەوداو لـە ژمارە ٩٤٤ی ٢٥ی تشـرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٨دا ، بە داخێکی زۆر قووڵو پڕ لە ناسۆرەوە مامۆستا پیرەمێرد خەبەری مەرگی زێوەر ــ عەبدوڵلاکوڕی محەممەد کوڕی مەلا ڕەسووڵ ــ ی بڵاوکردۆتەوە ... ئەمەش لە خۆیا ڕێکەوت و بۆنەیەکی سەیر و سەرسوڕهێنەرە ... مەعدوومی : مەلا عەبدولڕەحیمی مەولەوی ... ئەگەر بنووسرایە مەولەوی ، سەروا لە بارترو دروستتر ئەبوو ، لەگەڵ سەرنجی ئەوەشا ، کێشی هۆنراوەکە ناتەواوە .. وەکو دیاریشە لـە زۆر شوێنا شـاعیر مان ئـەوەندە خۆیْ بـە کێش و سـەرداوە تـە بەستۆتەوە .

٢ ــ ماهی : ماسی ...

(٣) خاڵی ماوی : ئاوی ، خاڵی شین .

(٤) موشکیلە : گێرمە و کێشەیە ــ بێخاوی : بێخەوی .



منتدى اقرأ الثقافي

# پیتی

## ـ ی ـ

ـ ١ ـ

یاران بەهای مەیل ئازیزم نییەن
بەهانە مارۆت ، نەوپایکیز دییەن[١]
یە شەرتو یە مەیل بەینی یارانەن
شکۆفە سۆسەن گوڵعوزرانەن[٢]
هوونی دڵ حەنای نووکی پەنجەشەن
بالام خەمیدەی بەلای لەنجەشەن[٣]
سەودا ـ تۆ هەرچەند پەرێش ثەناشای
ڕۆح مدەی وە نووكپەنجە حەنا بای[٤]

(١) بەها : ئارەزوو ، نرخ • بەهانە مارۆت : بیانوو ئەگرێ • دییەن : دیوە •
(٢) یە : ئەمە • شکۆفە : خونچە •
(٣) هوونی دڵ : خوێنی دڵ • حەنا : خەنە • خەمیدە : چەماوە •
(٤) پەرێش : بۆی • ثەنا : سوپای و ستایش • مدەی : ئەدەی • بای : بی •• سەودا ، تۆ هەرچەندە لە ستایش و پیاهەڵدانی نازدارای ، لەگەڵ ئەوەشا ئامادەی گیانی خۆت بەخت بکەی تاکو ببیتە هاودەمی نووکی پەنجە خەناوی •



منتدى اقرأ الثقافي

یـا شـێخ دەوڵەتمـەند خەیلێ لـەو بـەرەن
هـای چەمەی جـۆی چەم لەم سەرەو سەرەن[١]
بێـرێ‌و بڕێـژۆ وەســـەر حـــاڵمـدا
وەســـەر گشــت خـەمی هـەزار ساڵمدا
مـن گـەدای مـایل سـفرەی دەروێشـیم
کۆن دانە و گەوهەر وە سەنگ بکێشیم ![٢]
دووکـانچـەی بـەڵای بـەختی بـەدبـەختان
گشــت پـڕ جـە کاڵای باڵای سەرسەختان[٣]
تاوسان سـەرمەن ، سارای غـەم نـەرمـەن
دەروونم گـەرمـەن ، دڵڕێشی شـەرمـەن[٤]
دڵ ڕووە و ئیلاخ دوودش لوولشـــەن
قیـق و قواقـووی قـال و قوولشـەن[٥]

---

(١) دەوڵەتمەند : خاوەن ڕان و مەڕ و ماڵات • خـەیلێ : زۆر • چەمـەی جۆی چەم : سەرچاوەی جۆگەی چاو ••

(٢) گەدا : هەژار و نەبوو • مایل : سەر بە ئارەزوو • سفرە : ئەو شتەی ڕائەخرێ بۆ نان خواردن لەسەری ، خوان • دەروێشی : هـەژاری • کۆن : کوا • دانە : دانەی مرواری •• منێکی گەداو هەژارو بێدەستو دەروێش ئاسا ، چۆنە و کوا ئەتوانم دانە مرواری‌و گەوهەر بکـەم بە هاوتای بەردو لە ترزوودا بەرانبەر یەکتر بیانکێشم !!

(٣) دووکانچە : دووکات • کاڵا : بەرگ •

(٤) سەرمەن : لە سەرمە •• تاوسان : هاوین •

(٥) دوودش لوولشـەن : دووکـەڵـی لوول ئـەخوا ، گـەردەلـوول و کێژەلۆکەیەتی •• قیق‌و قواقوو : قیژەو قاژە • قـال و قوولشـەن : هاوارو هوولەو هەرایەتی ••• دڵەکەم تاسەی کوێستان ئەکات ، لەبەرئەوە هەمیشە دووکەڵی هـەناوی ڕووەو ئێلاخ لوول ئـەخواتو بـە وێنـەی قازو قولنگ ناڵەو هاوارو قیژو قاژیەتی •



منتدى اقرأ الثقافي

هەر سەنگێ سیا دیان وە کۆوە
سفتەی دووی منەی بکەن وە بۆوە(٦)
سەودایی - بێ دڵ گیان خاڵی جە گیان
بێدەماخ لوای ڕوو ئەو گەرمیان(٧)

---

(٦) سیا : ڕەش · دیان : بینرا ·· لەو کێوانە چاوتان بە هەر بەردێکی سووتاو و ڕەش هەڵگەڕاو کەوت ، بۆنێکی بکەن ، بۆتان دەرئەکەوێ بە دووکەڵی من سووتاوە ·

(٧) لوای : ڕۆیشتی ·· سەودایی ، بە بێ دڵ ، بە جەستەی بێ گیانەوە ، داماو و خەمبار ، بەرە و گەرمیان ڕێت گرتە بەر ··



منتدى اقرأ الثقافي

- ٣ -

یانێ هـای ئازیز لوولـەی هـەناسـەم
شـەرارەی شـەدیر شـرنگـەی تاسـەم[١]
نـەیاوان وە لات لادێ ، جـەلادا
سـەروەسـەر بیسان سـەراسەر سـادا[٢]
چێش کـەروون ، ڕوو ئـەو کێ ( یەروون )
جـەی دما من داد وەلای کێ ( کـەروون )[٣]
تەقریرو تـەحریـر تـەجرەبـەی ئەحواڵ
وە کـامین کائین کـەروون عـەرزی حـاڵ[٤]
بـەزەییت ئامـا وە شـەو ناڵـەمدا
وەی زامـانی سـەخت ، شـوومی تاڵـەمدا[٥]
وەی ڕەونـەقی ڕەنگ وە ڕوودا مـەردەم
وەی جـەستەی هـەستی پەژموردەم[٦]

---

(١) (٢) لوولەی هەناسەم : گەردەلوولی هەناسەم · شەرارەی شـەدید : پریشکی بەتین · نەیاوان وە لات : پێت نەگەیشتووە ، نەگەیشتۆتە لات ! لادێ : تاوێـك ، کەمێـك ·· بیسـان : ژێرەخەر ، نـوێن ·· خۆشەویستەکەم ، لە کاتێکا کە بێخەم سەرت لە سەر سەرینی شـادییە ، جۆنە کـە گـەردەلوولی هەناسـەی پڕ داخ و شنگ تینـی تاسەی ئاگراویم نەگەیشتۆتە لات ! ··

(٣) جەی دما : لەمەودوا · ئەبوایە وشەکانی ناو کەوانەکان لە جێی یەکتردا بوونایـە ·

(٤) تەقریر : وتن ، هەڵڕشتن ، تەحریر : نووسین · وە کامین کائین : بە کێ ·· کەروون : لەجیاتی وشەی تەجرەبەی ئەبوایە بنووسرایـە تەرجەمەی ·

(٥) ناما : نەهات · شوومی تاڵەمدا : بەدبەختیما ·

(٦) وەی ڕەونەقی ڕەنگ : بەم ڕەنگ گەشەدا · وە ڕوودا مەردەم : مردووە بە ڕووما · پەژمورده : زەرد و ژاکاو ·



منتدى اقرأ الثقافي

هـەی ڕۆ هێمان هەر هـای نـە هەوای جەنگ
مدەی نـە جەستەم خەدەنگ وە بـێ دەنگ(٧)
ڕیشـە ئـی‌ەرواو دڵ ؛ مـاوای مەیلەکـەت
وێران کـەرد تاقـەی تاوی سـەیلەکـەت(٨)
زامـەتانـی سـەخت قـەقنـەسـی زوخـاڵ
سـارێژکەر لادێ ، وە بـۆی زولف و خال(٩)
ئـەوسا مـن سەرگـەرد گـەردەن بـێ‌گەرد وام
تـۆ گەردەن بێ‌گەرد ، من دڵ پـڕ دەرد وام(١٠)

---

(٧) هێمان : هێشتا · مدە : ئەددەی · خەدەنگ : تیر ·
(٨) ئەروا ، ئەرواح : گیان · ماوا : مەڵبەند ، شوێن ، جێگا · تافەی تاوی سەیلەکەت : هوروژمی بەگوڕی لافاوی خوڕت ·
(٩) زامەتانی سەخت : زامو و برینی ناهەموار ·
(١٠) وام : بـم ·



منتدى اقرأ الثقافي

# پیتی

## ـ ك ـ

### ـ ١ ـ

کڵپەی بڵێسەی کوورەی تۆی دەروون
سەرکەرد نە دەماخ تەك دان وە هاموون[١]
چەمەی چەم نە دەرد نەدینت خێزا
تافەی تاوی هەرس وە هەمدا ڕێزا[٢]
یەکسەر کۆی هەستیم پەڕێت زوخاڵەن
شادیو وەشی عەیش وە من مەحاڵەن
مەر مایەی ئەلطاف شێوەی نازی لەیل
باز گێلۆ مەجنوون نە سەرکۆی دوجەیل[٣]
وەرنە هەراسان ، هەر ڕۆشینمەن
دەرد وە بانی دەرد تۆ نەدینمەن[٤]

---

(١) هاموون : دەشت ..
(٢) چەمەی چەم : سەرچاوەی چاو . خێزا : جما ، جوولا . هەرس : فرمێسك . وە هەمدا ڕێزا : ڕژا بەسەر یەکا . لەبەر نەدیتنی تۆ ، وا سەرچاوەی چاوەکانم تەقیوەو سەری کردووە ، لە هەردوو چاومەوە ، بە وێنەی تاڤگە ، فرمێسك بەخوڕ دەڕژێ بەسە یەکا ..
(٣) مەر : مەگەر . ئەلطاف ، کۆ لوطف : نەرمو نیانیو سۆزو ، وتەی خۆش . بازگێلۆ : ئەمجارە بگەڕێتەوە .
(٤) وەرنە : ئەگینا .



منتدى اقرأ الثقافي

- ٢ -

کەی بۆ بوینووم سەرانسەر باڵات
وشکاوش بەیۆ نە چەم خۆی سێڵات[١]
جەستەی کۆی زوخاڵ ، زامی پڕ نە تیر
سارێش بۆ ، وە بۆی ئەو زولفی زنجیر
لەیلای شەکەرڕاز وە ئەلتاف چەن بار
مەکەرد سەرئەفراز مەجنوونی غەمبار[٢]
جە هالای کلپەی جەستەی زوخاڵی
مەوج مدەوم جە وێت ، وێم جە وێم خاڵی[٣]
گڕەی کۆی هەستیم جۆش مدۆ بە تاو
پەروانە پەشێو ، پەڕو باڵ سووتاو
شوومی تاڵەی شووم نە دەرد سەرگەردان
ڕەفیق و مونیس هەناسە سەردان[٤]
ئاخر نەفەسەن ، سا وەسەن ئازیر

---

(*) لە دەسنووسەکەدا ، ئەم هۆنراوەیە بە خەتی شاعر نەنووسرا ، خەتی شاعر زۆر جوانترە ..

(١) بوینووم : ببینم . بەیۆ : بێ . جۆی سێڵات : جۆگەی لافاوی فرمێسك .

(٢) شەکەرڕاز : وتەی وەك شەکر شیرین . مەکەرد سەرئەفراز : ڕزگاری ئەکرد .

(٣) جە هالای : لە هالاوی . مەوج مدەوم : شەپۆل ئەدەم . جەوێت : لە تۆدا . وێم جە وێم : خۆم لە خۆم .. جەستە و دۆخی تەنیاییم بەجۆرێ کلپەی لێ هەستانووم ، وا بووم بە خەڵووز ... ئێستا من قاوغێکی بۆشم و لەناو بوونی تۆدام و هەمیشە لە توێی هەستو بوونی تۆدا شەپۆل ئەدەم .

(٤) شوومی تاڵەی شووم : بەدبەختیی بەختم . مونیس : هۆگر ... ئەوەندە بەدبەخت و چارەڕەشم ، هێرش دەردم سەری کردووە و بوومەتە هاودەم و هۆگری هەناسەی سەرد ، یا هەناسە ساردەکان .



منتدى اقرأ الثقافي

جەرگەکـەی بڕیم ئـەو موژەی هوونڕیز[٥]
بـۆی بـێ دەماخیت شـکاوان جـەرگم
وە هوون ڕەنگینـەت سەرتاپای بـەرگم[٦]
هـەر یەند جـۆش وەردەن کوورەی ئارەزووم
هـەر ڕۆ ،وە مـەردەن ئـاوات موازووم[٧]

(٥) موژە : برژانگ · هوونڕیژ : خوێنڕێژ ·
(٦) شکاوان جەرگم : جەرگمی لەت کردووە ·
(٧) هەر یەند هەر ئەوەندە · موازووم : ئەخوازم ·



منتدى اقرأ الثقافي

- ٣ -

کـەی بـۆ بوینووم باڵات سـەرانسـەر
وشـکاوش بـەیۆ جـۆی زۆخی جگـەر[١]
زامـەتانی سـەخت جەستـەی کـۆی زوخاڵ
سارێژ بـۆ یەکسەر وە بۆی زوڵف و خاڵ[٢]
چـەند جار وە ئـەلتاف لەیلای شـەکەرڕاز
مەجنوون نـە چای خەم مەکەرد سـەرئەفراز[٣]
مـن جەستەی سفتەی هەوەسیای سەرشێت
وێم جە وێم خاڵی ، مەوج مدەوم جـە وێت[٤]
هەر ساتێ سەد جار جـە ڕووی تاسـەوە
گڕەی کۆی هەستیـم وە هەناسـەوە
پەروانەی پەشێو پەڕداخ بێ پەرداخ
پەڕو باڵ سفتەی کەفتەی تۆی یاتاخ[٥]
شوومی تاڵەی شووم سەرگەردانـی دەرد

(١) ئەم دێڕە ( جۆی زۆخی جگەر ) ی لێ دەرکرێ ، ڕێك و پێك یەکەم دێڕی هۆنراوەی :
کەی بۆ بوینووم سەرانسەر باڵات وشکاوش بەریۆ نە چەم جۆی سێلاَت دەرئەچێ . بڕوانـە ل ٧٨
(٢) زامەتان : زەحمەتان ، نارەحەتی و دژواری .
(٣) چای خەم : چاڵی خەم . بێجگە لـە نەختێ جیاوازیی زۆر کـەم ، ئـەم دێڕەش وێنەی دێڕی سێیەمی هۆنراوەی ڕابووردووە .
(٤) سفتە : سووتاو . هـەوەسیا : تاساو . نیوەی دووەمی ئـەم دێڕە ، هەر هەمان نیوەی دوومی چوارەم دێڕی هۆنراوەی باس کراوە .
(٥) بێ پەرداخ : بێ کەیف و شـادی . کەفتـەی تۆی یاتـاخ : کـەوتووی توێی جێگا .



منتدى اقرأ الثقافي

ڕەفیق و موئنیس هەناسانی سەرد[٦]
ئازیز سا وەسەن ئاخر نەفەسەت
چکەی زۆخی جەرگ هەرسی چەم وەسەن[٧]
بۆی بێ دەماخیت جەرگم شکاوان
گڕکۆی هەناسەم وە گەردوون یاوان[٨]
هەرچەند دانە و دوڕ نە دیدەت ڕێزا
ڕۆحم یاتاخگەی جە سەد مەبێزا[٩]
هەرچەند جە لای جام جەمینت تارەن
مایەی زیندەگیی من ژاری مارەن[١٠]
پەشیۆیی تاتای خەیاتەی بێ گەرد
ڕۆشنایی چەم یەکسەر کەرد وە گەرد
هەرچەند وە مەودای عەقیقی وەشبێز
جە گۆنای گوڵوام مەکەرد ڕەستاخێز[١١]

(٦) ئەم دێڕەش هەر هەمان دێڕی شەشەمە لە هۆنراوەی ڕابوردووی باسکراوداو کەمێك گۆڕانکاری تیایە ٠

(٧) ئەم دێڕەش بریتییە لە شەشەم دێڕی هۆنراوەی ( تۆی دەروون وە تێش زامانی خەتەر ) بڕوانە ل ١٣٧

(٨) یاوان : گەیشتووە ٠٠ نیوەی بریتیە لە هەمان نیوەی یەکەمی دێڕی شەشەم لە هۆنراوەی ( کەی بۆ بوینووم سەرانسەر باڵات ) بڕوانە ل ٧٩ ٠٠

(٩) بەو فرمێسکانەی ، کە وەکو دانەی گەوهەر و مروارین و ، بە چاوەکانتا هاتنەخوارێ ، ڕەوانم لە قاوغی لەشما دەرپەڕی ٠

(١٠) هەرچەندە ئەبینم ڕۆشنایی لە ناوچەوانتا بەدی ناکرێ ، بەجارێ مایەی ژیان و زیندەگیم لێ ئەبێتە ژەهری مار ٠٠

(١١) مەودا : نووکی تیژ ٠٠ عەقیق : جۆرە بەردێکی ئاڵی زۆر بەنرخە ٠٠٠ عەقیقی وەشبێز : عەقیقی جوان لەبەرچاوخەر ٠٠ گوڵوام : گوڵئاسا ، وەکو گوڵ ٠٠ ڕەستاخێز : هەستانەوە ٠٠
واتای ئەم دێڕە لەگەڵ دێڕی دواوەیا دێ ٠٠



منتدى اقرأ الثقافي

وە پەنجەی بلوور سەرپەنجەی یاقووت
مەشانای نە ڕووی صونعی جەبەڕووت[١٢]
لەعـل مەڕێـزای وە نوقرەی خـامدا
ڕێزە ڕێزەن جەرگ نەجگەر کامدا[١٣]
ئازیز سـا وەسەن شێویای خەت‌وخاڵ
خۆفت بو جە قەهر دانای ( ذو الجلال )
سەردەلیلەی ڕەم خەتا و خوتەت ماڵ
سەیری دیاران وێشان کەرد بەتاڵ[١٤]
**چەمەڕان وە بۆی مەعجوونی مەعدەن**
یکیانی پەیشـان جەو سارا و مەوطەن[١٥]

---

(١٢) مەشانی : ئەت‌پرژان ·· صونمی جەبەڕووت : کاری‌خوایی ·· هـەر جارێ ئەو فرمێسکە ئاڵانەی ، کە جوانترین عەقیق‌و مرواری‌و یاقووت لە بەرچاو ئەخەن ، لەسەر ڕوومەتی ناسك‌و ئاڵت کۆئەبنەوەو ناسك ناسك ـەلەرێنەوە ، جا بە پـەنجەن سپی‌و بێ‌گـەردی وەکو بلوورت و سەرپەنجەی ئاڵی یاقووتیت ئەیان‌پرژێنی بەسەر ئەو گۆناو ڕوومەتـە ئاڵەتا ، کە نەخشێکی یەزدانییەو هەر لە توانای خوادایە ·· « واتاکەی لەگەڵ دێری ئایندەدا پەیوەستە ·· »

(١٣) مەڕێزای : ئـەڕژێنی ·· نوقرەی خام : زیوی پاکی نـەتواوە ·· کـــە فرمێسکی جوان و ئاڵی لەعل ئاساش ئەڕژێنی بەسەر ڕوخساری سپی‌و بێ‌گەردی وەکو زیوی پاکتا ، بە جارێ جەرگم هەلاهەلا ئەکەی ·

(١٤) سەر دەلیلەی رەم : پێشەنگ‌و پێشرەوی رەوەی ئاسکەکـان خـەتاو خوتەن : دوو ناوچەن لە سارای تورکمانستان‌و جینا بە ئاسکی جوان‌و خۆشبۆ بەناوبانگن ·· وێشان : خۆیان ·· واتای ئەم دێڕەو ئەوی دوای ئەم پێکەوە دێ ··

(١٥) چەمەڕان : چاوەڕێن · بۆی مەعجوونی مەعدەن : بۆنی شێلراوی ڕەسەن‌و ساخ · بکیانی پەیشان : بۆیان نبێری ·· پێشەنگی ڕەوەی ئاسکەکانی خەتاو خوتـەت دەستیان لـە سەیرانی سـەیرانگای خۆیان هـەڵگرت ، هەموویان چاوەڕێن بـۆی خۆشبۆی ڕەسـەنی خۆیتان بـە خـەڵات بـۆ بنێـــرێ ·



منتدى اقرأ الثقافي

شاد بان وە شاباش شای شەم ڕوخساران
مەیل کەران جە تۆ یاتاخگەی جاران(١٦)
ئەو قەوس ، ئەو خەدەنگ ئەو ماهـ ئەو خورشید
جە یە زیاتــەر بــا نــەوان نەومیــد(١٧)
جەلادەر جە تۆ عەکســی پێشــانی
ڕۆشتکەر جە تۆ زومرەی زولمانی(١٨)
بالآی سەروی ناز وە خەم مەکەر خــەم
گەوهەر ڕێزانکەر نە تۆی دورجی فەم(١٩)
ئەوسا من وە فــدای بەرزیی بالآتــم
داخکێش و زۆخنۆش شنۆی کالآتم

---

(١٦) بەشاباشی تۆی ڕوخسار وەکو مۆم شاد بن و دووبارە بەرەو هەوارگەی جارانیان بکشێنەوە ٠

(١٧) قەوس : کەوانی برۆ ٠ خەدەنگ : تیری برژانگ ٠ ماهـ : ڕوومەتی وەك مانگ ٠ خورشید : دیمەنی وەك ڕۆژو خۆر ٠ جە یە : لــەمە ٠ با نەوان نەومید : با نائومێد نەبن ٠٠ یا برۆی کــەوانی ، برژانگی تیرئاسا ، روخساری وەك مانگ و ڕۆژ ، لەمەزیاتر نائومێد و ڕەنجــەڕۆ نەبــن

(١٨) جەلادەر : بنوێنە ، دەریخە ٠ جەتۆ : لەنوێ ٠ عەکسی پێشانی : تەختی ناوچەوان ٠ زومرەی زولمانی : ئەوانەی لە تاریکیدا ئەژین ٠٠ ســەر لەنوێ تەختی ناوچەوانی ڕۆشنت دەرخە و ڕۆشنی بخەرە ژیانی ئەوانەی دڵتەنگ و داماون ٠٠

(١٩) وە خەم : بە خەم و خەفەت ٠ مەکەر خەم : مەچەمێنەرەوە ٠ گەوهــەر ڕێزانکەر : گەوهەر بڕژێنــە ٠دورجی فــەم : قوتووی دەم ٠٠ بالآی شۆخ و بڵندق کە وەکو سەروی نازە ، بە خەم و خەفەت مەچەمێنەرەوە ، دەمی وەکو قوتووی گەوهەرت بکەرەوە و لە توێی وتــەی شیرینتا گەوهــەر هەڵڕێژە ٠



منتدى اقرأ الثقافي

کام خاك وه سەرکەم نەی یەختی زەبوونت
قەد ڕەحمت نەکەرد وە • دیدەی پڕ خوون[١]
بتەرســـە ئاهــی دوودی هەناســـەم
جە شیددەتی دەرد ، شەرارەی تاسەم[٢]
یاوەر وە خەیاڵ وێت کۆکۆی دەردم
وەڵکە خۆف کەری جەی ڕەنگی زەردم[٣]
وەرنە تۆ تە تۆی بێ مەیلی و مەدهۆش
من کوورەی هیجران دەروون بدۆ جۆش[٤]
کزە و چزەی دڵ قرچە و چۆقەی جەرگ
ماوەرۆ سەد جار مەزەی مەوتو مەرگ[٥]
دڵ پڕ داخ و دوود ، چەم جۆی ئەسرینەن
سەرتاپای ئەعزام وە هوون ڕەنگینەت
سا من کۆی زوخاڵ شیۆەی کالاتـــم
داخ‌کێش و زۆخ تۆش دووریی بالاتم ••[٦]

---

(١) نەی : لەم • زەبوون : نالەبار ، داماو • نەکەرد : نەکرد • پڕ خوون : پــڕ خوێن •
(٢) دوودی : دووکەڵی •
(٣) یاوەر وە خەیاڵ وێت : بێنەرە بــەر خــەیاڵی ( چاوی ) خــۆت • کــۆ کۆی : کۆمەڵ کۆمەڵی • وەڵکە خۆف کەری : بەڵکو بترسی • جەی : لـــەم ••
(٤) وەرنە : ئەگەرنە ، ئەگینا • نە تۆی : لە توێی • بدۆ جۆش : بدا ••• واتای ئەم دێڕەو دێڕی دوای ئەم پێکەوەدێ ••
(٥) ماوەرۆ : ئەهێنێ •• ئەگەر کار بەم جۆرە بڕوا •• ، تۆ توێی بێ‌مەیلی مەدهۆشیو پێ‌دەربــەستی‌دا ، دڵ و دەروونی منیش لـــەناو کـــوورەی چاوەڕوانی و دووری‌دا بێتە جۆش ، بەم‌چەشنە کزەو قرچەو چۆقەی جەرگم سەد جار چێژی مەرگم دەرخوارد ئەدەن •
(٦) لێك‌چوونێکی زۆر لە میانەی ئەم دێڕەو دوادێڕی هۆنراوەی ڕابوردوودا هەیــە •



منتدى اقرأ الثقافي

ـ ٥ ـ « هەندێ سیفاتی خوا »

کەریمی کارساز ، کەریمی کارساز
« واجب الوجود » ، کەریمی کارساز[١]
پەتتای بینای ڕۆح هەستو هۆش‌و ڕاز
**بۆ بێ‌نەوایان کەس‌و چارەساز[٢]**
شنەوای مەجلووق ئاسمان‌و زەمین
جیهان ڕۆشن‌کەر بە « روح الامین »[٣]
« واحدو أحد » ، ڕەحیم‌و ڕەحمان
« غفارو قهار » بینای لامەکان[٤]
« مالك الملك»ی کەون و کائینات
« أقدس و قدوس » ، جوان‌خاس صیفات[٥]
سەلام بەردەوام دوور لە فەناو چوون

---

(١) کەریم : بەخشندە ••• کارساز : ڕێکخەری کار و مەبەست ••• واجب الوجود : لە بنەڕەتا «ئەبێ هەر ببێ» •

(٢) بەنتای بینای ڕۆح : وەستاو دروستکەری قەورەی ڕەوانی هەموو زیندەوەرێك ••• بێ‌نەوا : بێ‌دەسەلات‌و بێ‌پەناو بێ‌پشتیوان ••• چارەساز : ئەو کەسەی چارەی کێشە ئەکات

(٣) شنەوا : بیستوو ، ئەوەی گو ێی لە هەموو شتێکە •
مەخلووق : دروست‌کراو ، زیندەوەر ••• روح الامین : مەبەست حەزرەتی محەممەدە ـ د • خ ••• هەروەها نازناوی جوبرائیلشە :

(٤) واحدو أحد : تاك‌و تەنیا ••• ڕەحیم‌و ڕەحمان : خاوەنی سوزو بەزەیی ••• غفار : لێ‌بوردە • قهار : بەڕق و بەزەبرە بەرانبەر تاوانکاران و گوناهکاران ••• لامەکان : بێ‌شوێن‌و جێ •••

(٥) مالك ایلك : خاوەنی هەموو گەردوون ••• أقدس‌و قدوس : پیرۆزترین ••• جوان‌خاس صیفات : خاوەنی جوانترین سیفەت •



منتدى اقرأ الثقافي

« مؤمن » یه « مطلق » ، « كائنات » زەبوون[٦]
« مهیمن » سەروەر چەرخانو « أفلاك »
عەزیزتەر جه گشت ، له عالەم بێباك[٧]
« جبار » ، بێوێنه « أعظم السلطان »
كاریەن ئەمرت ئاشكـراو نیهان[٨]
متكبّر تـۆی ، مەخلـووق حەقیـرەت
ئیرادەت واجب « منفد » تەقدیرەن[٩]

(٦) فەناو چوون : نەمانو فەوتان ... مؤمن : خاوەن ئیمانو بـاوەڕ ...
مطلق : بەتەواوەتی ... كائینات : هەرچی شتێ هەستیو بوونی لـەم گەردوونەدا هەبێ ... زەبوون : گیرۆدەو داماو ...
(٧) مهیمن : دەست بەسەراگر ... أفلاك : چەرخان ...
(٨) جبّار : خاوەنی تواناو هێزو زۆری لەرادەبەدەر ... أعظم السلطان : خاوەنی گەورەترین تواناو دەسـەلات . كاریـەت ئەمـرت : فرمـانت بەجێیە ... نیهان : پەناكیو نادیار ، پێچەوانەی ئاشكرا ...
متكبّر : گەورە و بڵنـدپایـەی بێوێنـە ... حـەقیـرەن : بێتوانـاو داماوە ... ئیرادەت : ویستت . واجـب : پێویسـتە ... منفـد تەقدیرەت : ئەبێ بێ چەندو چێ بەجێ بكرێ ...



منتدى اقرأ الثقافي

# پیتی

## ـ گ ـ

ـ ١ ـ

گۆیا بۆی نامەی ئازیز پێم یاوان
وە مەودای ئەڵماس دەروون شکاوان[١]
نامەی عەترامێز پەروەردەی « عومەر »
چوون نووکی نەشتەر نیشت نە تۆی جگەر[٢]
سفتە سۆزانەن عەمۆی زوخاڵیت
نابینام کەردەن یاتاخگەی خاڵیت[٣]
خۆ من دووی دووریت دەردم دێویاوە
وە زۆر هەناسەم نیم نەفەس ماوە
قرچەو چۆقەی جەرگ کزەو جزەی دڵ
چەخماخەی چەمان ، هەرسی کولاو کوڵ[٤]
فوارەوار فەوج فەوج مەوجش وست وە « تەخت »

(※) شاعیر ئەم هۆنراوەیەی لە وەڵامی نامەیەکی بەڕێز شێخ عومەری بیارەدا نووسیوە .

(١) گۆیا : گوایە . پێم‌یاوات : پێم‌گەیشتووە . وە مەودای : بە نووکی تیژی . شکاوان : لەت‌کردووە .

(٢) عەترامێز : گوڵاوی . عومەر : شێخ عومەری بیارە .

(٣) سفتە سۆزانەن : سووتاوو برژاوە . نیوەی دوایی هەردوو نیوە دێڕەکان دووبارەی دوادێڕی دووەمە لە هۆنراوەی ( ئەر بۆپرووزێ ... ل ٢٣ )

(٤) چەمان : چاوان . هەرسی کولاوکوڵ : فرمێسکی بەکوڵ ..



منتدى اقرأ الثقافي

سۆچنا پۆس و مۆخ ، « ڕەنگین » کەردش ڕەخت[٥]
.... گـڕەی هـەستی کۆی قەقنەس
...... شـێویـای نـەفـەس[٦]
تـای تـامڵ تـاڵ تـاڵ وه هــەم والاوەن
وه مـەودای ئـەڵماس دووریت بڕاوەن[٧]
لوولـەی هـەناسەی کـزەی تـۆی دەروون
سـەرکەرد نه دەماخ ، تەکدات وه هاموون[٨]
شـنیای شـەدەی شـۆخ شـەم شـێوەی جاران
بکـەرۆ شـیفای خاتـر پـڕخاران[٩]
هوونـەی تازه هـوون نـه کـۆنه زامان

---

(٥) فوارەوار : فوارەئاسا ، وەخوارە • وست وە : خستە • تەخت : شاخی سپی • چیایەکی سەرکەش و جوانە ، هەوارگە و ڕاوگەی هەورامانـی ئەمدیو ئەودیوە ، ئەکەوێتە پشت ئاوێسـەری تەوێڵـە • لووتکـە بەرزەکانی ئەڕوانن بەسەر چەمی ڕازاوەی بیارەو دەشتی شارەزوورا •• سنەوریکی سروشتیی میانەی هەورامانی ئەمدیوو ئەودیوە •
سۆچنا : سووتاندی • « ڕەنگیـن » : چیایەکـی فـراوان و بڵنـد و ڕەنگینە ، بە ڕاستی ناوەکەی پڕ بە پێستیەتی ••• ئەکەوێتە پشـت هەردوو گوندی « ئێلان پێ » و « بانی شار » ئەڕوانێ بەسەر ناوچـەی سەیسادق و شارەزوورا • ڕەخت : پۆشاك ••• واتە : فرمێسکی چاوم وەك فوارەیە و لە سەردا ئەبارێو چین چین شە پۆلی نیشتە سەر شاخی تەختو ، بە جارێ پێست و مۆخی داوەشانو چیای ڕەنگینیشی داپۆشی •
(٦) کوژاوەتەوە ناخوێنرێتەوە •
(٧) تامڵ ، تحمل : توانا و ئارام • وە هەم والاوەن : تێك ئالاوە ••• تالی ئارامم ژاکاو و تێك ئالاوەو پەشێوم ، دوورییەکەشت وەکو ئەڵمـاسی کاریگەر ، کاری کاریگەری خۆی کردووە و تالی ئارامی منی هەلاهـەلا کردووە •••
(٨) تەکدان وە هاموون : دەشت و دەری داپۆشی •
(٩) شنیای : شەکانەوەی • خاتر پەڕ خاران : ئەو دڵانەی پڕن لە چقڵ •



منتدى اقرأ الثقافي

وه مـەرگت دیدەم دیات نـە دامان[10]
زەخمـەکـەی قـەدیم ، هاژەی تازەخـوون
•••••• چـوون تەم نـەتۆی تـوون[11]
مـن زەدەی زامـان زام زەدەی خـەدەنگ
تـۆ ئالوودەی بـەزم ، من ماتو بێدەنگ[12]
تـۆ هـای نـە هـەوەس جـەلای جامـەوە
مـن کۆسـت کـەفتەکەی وە ناکامـەوە[13]
تـا کەی کوورەی تـار دەروون بدۆ چـڵ
با جارێچ چەمـەی چـەم کـەی وە مـەنزڵ[14]
بـەڵ لیلاوی لێڵ جۆی چـەم ڕەوشەن بـۆ[15]
کـۆکۆی حـەسـرەتان پـەرێم گوڵشـەن بـۆ

(١٠) هوونەی تازە هوون : هێرشی خوێنی تازە • تە : لە • دیان نە دامان : سەری کردۆتە دامێن ، داوێن دیدەکەم ، سوێندم بە مەرگت ، بە سەر زامی تازەما ، هورووژمی خوێنی تازەی زامە کۆنەکانم بەجۆرێك بەخوڕو بەتاوە ، لە داوێنمەوە سەری کردووە •
(١١) زەخمەکەی قەدیم : برینی کۆن • بۆشایی‌یەکە کوژاوەتەوە • تـەو و داخوراوە ، لەوە ئەچێ بەم چەشنە بێ ( مـن دا وە تووندا ) چوون چەمو دۆڵ •
(١٢) زەدە : پێکراو • ئالوودەی بەزم : هۆگری کۆڕی کەیفو بەزمو خۆشی •
(١٣) جەلای جام : ورشەو ڕۆشنایی ئاوێنە ، یا جـامی مەی خۆشەویستیـی یەزدانی •• ناکام : نائومێد •
(١٤) نار : ئاگر • ئەم دێڕەو دووەم دێڕی هۆنراوەی ( چەم پڕ هەرس و هوون دڵ جە ماتەمدا ) هەر یەکن ، لێرە ( کوورەی نار )و لەوێ ( وە هیجران ) نووسراوە •
(١٥) ئەم دێڕەش هەر هەمان سێیەم دێڕە لە هۆنراوەی ڕابوردوودا • بڕوانە ل ٤٥
ڕەنگە هۆنراوەی باس‌کراو بەشێك بێ لەم هۆنراوەیەو لە نووسینەوەدا لە یەك دابڕابن ، لەگەڵ سەرنجی ئەوەشا ، شاعیر زۆر جار تاك تاك هۆنراوەی دووبارە کردۆتەوە •



منتدى اقرأ الثقافي

## پیتی

## - م -

- ١ -

مامۆسـای مەشهوور دەوری دنیای(*) دوون
نازك فكر و فام ، فیردەوسی مەضموون(١)
**مـەعدوومی خـەیاڵ شـارەزوور وەڵات**
**كـاڵای حـەقیقی بڕیـان وە بـاڵات(٢)**
**هـەر وەخت یاونـات نامـەكـەم وە لات**
**هورێزە وە پـا دیدەم هـا نـە ڕات(٣)**
تە ڕووی مـەحەبـەت بـێ طوولو تـەفصیل
حاضر وەر جـە لای حـەقیر ئیسماعیـل(٤)
فەرموودەی حەزرەت شـای ( فخـر الانام )

---

(*) شاعیر ئەم هۆنراوەیەی بۆ ( مەولـەوی ) ی نـەمر نووسیوە ... لـــە ناوەڕۆكیا دەرئەكەوێ كە تكا لە مەولەوی ئەكات بێ بۆ سەردانی ... دیارە كە شاعیر خاوەنی ڕێبازی ( تەصەووف ) و تەكیەی خۆی بووە و ، ویستوویەتی پەیوەندیی گیانی و دیدەنیی قووڵی لەگەڵ مەولەویدا فراوان و بێڕادە بـێ .

(١) دوون : هیچوپووچ . فیردەوسی مەضموون : بەرهەم و ناوەڕۆك و بیر وەكو فیردەوسی ـ شاعیری بەناوبانگ و خاوەنی شانامە .

(٢) كاڵای حەقیقی : بەرگی پاك و بێگەردی یەزدانی . بریان وە باڵات بڕاوە.

(٣) یاونات : گەیاندیان . هورێزە وە پا : هەستە سەر پێ . ها نە ڕات : لــە ڕێتــە .

(٤) نە ڕووی مەحەبەت : لە رووی خۆشـەویستییـەوە . بێ ۆـوول و تەفصیل : بە بێ دواكەوتن ... حەقیر : وشەیەكە زانا و نووسـەر و شاعیرانی سەردەمانی پێشوو بەكاریان هێناوە بۆ ئەوەی خۆیان بەرانبەر بەیەزدان ( زۆر بە كەم ) بنوێنن .



منتدى اقرأ الثقافي

باوەرە وە جا ئاخر سەرەنجام(٥)
تەقریری ئیکرام ئالی موصطەفا
مایەی نەجاتەن جە ( دار العقبی )(٦)
تەعجیزاتشان خیانەت مەبۆ
مایەی نەدامەت مەبۆ(٧)

---

(٥) فخر الانام : مایەی شانازی مرۆڤ ، واتە پێغەمەر ( د ، خ ) ــ باوەرە وەجا : بەجێ بێنە ۰
(٦) تەقریری ئیکرام : پێهاتن‌و ڕێزلێنانی ۰ ئالی موصطەفا : ینەماڵەی پێغەمبەری پاك و بێگەرد ( د ۰ خ ) دار العقبی : لەو دنیا ۰
(٧) تەعجیزاتشان : دلگیر کردنیان ، زویر کردنیان ۰ نەدامەت : پەشیمان بوونەوە ، ڕووزەردی ۰



منتدى اقرأ الثقافي

مەحموودی مەجبووب ، مەحموودی موختار
زبان پڕ تەوحید ، دڵ بەحری ئەذکار[١]
خواجەی سەرحەڵقەی زومرەی ڕۆحانی
قیبلەگای ئومێد جوملەی ئینسانی[٢]
شەرەفیابی فەیض نووری قورئانی
موطیعو مەئزوون ئایەی ڕەحمانی[٣]
سالاری نەوڕەس ، پاشای کوردستان
ساحێب سوپا و سان ، شای زەبەر دەستان[٤]
لالم پەی بگرە و بەردەی دیوانت
جەم ئارای مەجلیس کەیخوسرەوانت[٥]
خەلافەت پەنا ، شای شەهریاران
فەرمانڕەوای حەق نە هەر • دیاران[٦]
نووری دوو دیدەی موستەفای موختار
پەروەردەی تۆی باخ فاطمەی ئەطهار

---

(*) بە بۆنەی بەدیل گرتنی شێخ مەحموودی نەمرەوە دایناوە •

(١) مەحبووب : خۆشەویست • موختار : هەڵبژاردە • تەوحید : خوا بە یەك زانین • ئەذکار : کۆی ذکر : یاد کردنی خوا •

(٢) خواجە : سەروەر • حەلقە : کۆڕی یاد کردنی خوا • زومرەی ڕۆحانی : ئەوانەی بە ڕەوان پێوەندییان لەگەڵ خوادا هەیە •

(٣) شەرەفیاب : گەیشتوو بە پایەی بەرز قەبض : پیتو فەڕ مەئزوون : ڕێدراو •

(٤) سالاری نەوڕەس : سەرداری تازە پێگەیشتوو • سان : سامانو دەسەلات • زەبر : توانا •

(٥) پەی : بۆ • جەم ئارا : کۆڕی گەرم • کەیخوسرەوان : پاشایان •

(٦) نە هەر دیاران : لە هەموو لایەك •



منتدى اقرأ الثقافي

تووڵی سەوزی دەست ئیمام حوسەینم
بێ تۆ لێلاوەت جۆی چەمەی زەینم(٧)
تاجی تەریقەت ، حوکمی شەریعەت
نمەبۆ ڕەوان ، کەفتەن وە زوڵمەت(٨)
نووری نبووەت ، تەختی خەلافەت
بێ ڕەونەق مەندەن سیلکی تەریقەت(٩)
سەرکەردەی سوپای تیپی قورەیشی
جە شوومی تاڵەم نمەز ئەو کۆ شی(١٠)
حوکمی شەریعەت وەی تەور بەتاڵەت
جەستەی موئمینان وە کۆی زوخاڵەن(١١)
باڵی بەیداخان ئیسلام بێ نوورەت
لاڵ بم شا مەحموود ڕاگەکەش دوورەت(١٢)
تاجی پیرۆزەی تەختی عوود و عاج
قابیل وە پای تۆن شای فەرمان ڕەواج(١٣)
شای شەهریاران ؛ جیهان شەهریار
نوطفەی جە حەیدەر ؛ شێری کردگار(١٤)

---

(٧) جۆ : جۆگە . چەمە : سەرچاوەی . زەینم : بیرو هۆشم .
(٨) نمەبۆ ڕەوان : ڕاست و دروست نابێ ، ناڕوا بەڕێوە ، کەفتەن وە زوڵمەت : کەوتووەتە تاریکی .
(٩) نووری نبووەت : تیشک و ڕۆشنایی پیغەمەرایەتی .
(١٠) تیپی قورەیشی : دەستەی قورەیشی . جە شوومی تاڵەم : لە بەدبەختی من . نمەز : نازانم . ئەو کۆ شی : بۆ کوێ چوو .
(١١) وەی تەور : بە جۆرێك ، بە چەشنێك . موئمینان : خاوەن ئیمانەکان .
(١٢) ڕاگەکەش دوورەن : ڕێگاکەی دوورە .
(١٣) عاج : شفرەی فیل ، ئێسقانێکی زۆر سپی و جوانە .
(١٤) شەهریار : فەرمانڕەوا . نوطفە : تۆو . حەیدەر : یەکێکە لە ناوەکانی ئیمامی عەلی ( د . خ ) .



منتدى اقرأ الثقافي

قاپی‌یەکەی مۆبەت سەحاو کــەردەوە
مەزرەعەی هەستیم زوخاو وەردەوە(١٥)
تەپلی خەلعی تۆ دنیا کــەرد ماتــەم
تازداران پێکیا تە تۆڕ دامــی غەم(١٦)
حــەرەم تشینــان عائیلــەی ئەطهــار
نە پەردەی عیصمەت نیشتەن وە غەمبار(١٧)
دڵ پــڕ داخ‌و دوود ، دیــدە نمینـــەن
شێوەی تاسەی تۆن ، خاتر خەمینەن(١٨)
شەمعی شەبستان پاشای کوردستـــان
ڕۆشنایی ڕۆش کــەرد وە شەبستــان(١٩)
ڕووناکی نەما ، ڕۆژمان هــەر شــەوە
عالەم سەرگەردان ، پای شــادی ئــەوە
بۆی عەترو عەبیر شەمیمــی وەشبــۆ
بڕیا جە کــاوات تا وە کــۆی شنــۆ
هەناسەم چورن تۆق کەللەی کۆی ئاکــۆ
دیدەم لێڵاوەن دوور جــە بــاڵای تــۆ
سادات سەرگەردان ، خانــە حــزاوەن

---

(١٥) مۆبەت : مەحەببەت ، خۆشەویستی • صەحاو : صەحاب اماراتـــی پێغەمەر ( د • خ ) مەزرەعەی هەستیم : کێڵگــەی بوونــم • وەردەوە : خـــــواردەوە •

(١٦) خەلع : لابردن ــ پێکیا نــە تۆڕ دامی غــەم : کەوتنــە ناو تــۆڕ و داوی خــەمــەوە •

(١٧) عائیلەی ئەطهار : خێزانی پاك و بێ‌گەرد • بــە پــەردەی عیصمــەت : لە پەردەی پاکیــدا •

(١٨) دوود : دووکەڵ • دیدە نمینەن : چــاو نمناکــە ، خــاتر خەمینــەن : دڵزوێر و تەنگە • شەمعی شەبستــان : مــۆمی شەوەزەنگ • ڕۆشــن کەرد : ڕۆشنی کرد •



منتدى اقرأ الثقافي

جه دووری‌ی باڵات جگەر کـەواودن[20]
سەغیر و کەبیر مـات و بێ‌ڕەنگـەت
نە هیجرانی تۆ نەقشی ڕووی سەنگەت[21]
بێ ڕەونەق مەندەن تایفەی قوڕەیـش
سەرگەردانی دەرد ، دوور جە شادی و عەیش[22]
سەرەتای زوخاو سەرکـەرد نـە زامـان
وە دیدەی مەحموود ، دیات نە دامان[23]
**هەر ساڵێ جە تۆ سەرکۆی قـەرەداخ**
**وە گوڵ گەشتی تۆ دەماخ مەکەرد چاخ[24]**
ژەرەژ کۆساران ، تا بەنـدەن ئێـلاخ
پۆل پۆل نە دووریت ناڵانەن ، ئاخ ئاخ[25]
کزەی تۆی دەرووت ، کڵپەی هەناسەم
شەرارەی دووری ، شرنگـەی تاسـەم
چێش واچووم جەی دەرد بێ دەرمانەوە
جەی زامانی سەخت بێ‌سامانەوە[26]
سا موعجیزەی خاص سوڵتـانی میعـراج

---

(٢٠) خانە خراوەت : ماڵ وێرانن · جە : لە
(٢١) سەغیر و کەبیر : بچووك و گـەورە · نـە هیجرانـی : لـە دووری · سەنگەن : بەردن ·
(٢٢) مەندەن : ماونەتەوە ·
(٢٣) سەرکەرد : سەری‌کرد ، هەڵچوو · وە دیدەی مەحموود : سوێند بە چاوەکانی مەحموود · دیان تە دامان : ڕووی کردۆتە دامێنم ، واتـــە ئەڕژێتــە دامێنـم ·
(٢٤) جەنـۆ : لـە نـوێ ·
(٢٥) ژەرەژ : کەو ··· بەندەن ئێلاخ : لوتکە و سەختیی کوێستان ·
(٢٦) چێش واچووم : بلێم چی ! بێ سامان : لە ڕادە بەدەر ·



منتدى اقرأ الثقافي

« و ما أرسلناك » پەی زاتـت ڕەواج(٢٧)
« ختم الأنبياء » شەهەنشای کەونـەین
پەنای موذنیبان ، « شفيع الدارين »(٢٨)
وە ئـفاسی خاص قبووڵ کـەردەی حـەق
« لا شريك لك ، لا ريب و مطلق »(٢٩)
ڕەحمێ کـەر وە حـاڵ سـفتە سـۆزاندا
**شـا مەحموود وینوون وەی سـەربـەرزاندا(٣٠)**
خاتر شـاد کەری ، خاتر پـڕ خاران
زەمزەمەی بـەزمش بەرز بـۆ چوون جاران(٣١)
مـەپەرسـە جـە حـاڵ خالوی زوخالیت
نابیتام جـە داخ یاتاخگـەی خالیت(٣٢)
**کزیام و چزیام وەی گشـت زامـەوە**

---

(٢٧) خاص : تایبەت · سوڵتانی میعراج : سوڵتانی شەوڕەوی ، مەبەسـت لە پێغەمـەرە ( د · خ ) · و ما أرسلنـاك ـ ئاماژەیـە ـ ئیشارەتـە ـ بـە ئایەتی « و ما أرسلناكَ الا رحمة للعالمين » ·

(٢٨) ختم الانبياء : دوا پێغەمەر · کـەو ین : هـەردوو جیهـان · موذنیب : گوناهکار · شفيع الدارين : تکاکاری هەردوو دنیا ·

(٢٩) لا شريك الك : هاوبەشت نی‌یە ، لە وێنەت نییە ··· لا ريب مطلق : بە هیچ جۆرێ گومان نایە یـە لاتـا ·

(٣٠) ڕەحمێ کەر : ڕەحمێ بکـە · سفتـە سـۆزان : سووتـاوو برژاو ·· وینوون : ببینم · وەی سەربەرزاندا : لە سەر لوتکە و بـەرزی ی ئـەم شاخـانـەدا ·

(٣١) خاتر شاد کەری : دڵان شاد بکەی ·
خاتر پڕ خاران : ئەو دڵانەی لە خەمباریدا پڕ دڕك و چقڵن · زەمزەمە : ئاهەنگ و خۆشی · بەرز بۆ : بەرز بێ · چون : وەك ·

(٣٢) زوخاڵی : خەڵـووزی ، وەك خەڵـووڕ مش هـەڵگـەڕاو · نابینـام : بینایيم نی‌یە و هیچ نابینم یاتاخگەی خالیت : هەوارگەی چۆڵت ·



منتدى اقرأ الثقافي

با بەیۆ صەدات جە ناکامەوە[٣٣]
مەڵهەم دۆ نە ڕووی زامان صەداکەت
وە باد دۆ خەمان شیرین ئەداکەت[٣٤]

---

(٣٣) کزیام و چزیام : هەڵکزام و هەڵقرچام ·
وەی : بەم · با بەیۆ صەدات : با دەنگت بێ · جە ناکامەوە : لەناکاو ، کوتوپڕ ، لەپڕ ·

(٣٤) دۆ : بدات · وە باد دۆ خەمان : خەمان بدا بە بادا · شیرین ئەداکەت : گفتوگۆی شیرینت ·



منتدى اقرأ الثقافي

# پێنـــی

## ـ س ـ

ـ ١ ـ(*)

سەید ڕەزای سـەرتیپ ، پاشای کوردسـتان
**کـۆچی خێرش بـۆ ، شی وە کـۆهسـتان**(١)
مەنزڵ موارەك ، وارگـەش وە فـەڕ یـۆ
چنووری وارگـەی سـەرتیپ هـەر فەڕ بۆ(٢)
تەو گوڵان نـە دەور وارگـەش سـەد ڕەنگ بۆ
نـەك جەو وارگـەدا خاترش تـەنگ بـۆ(٣)
بـەڕەزا نـە تۆی بـەوران شـنیا بـۆ
تـەپڵی بـەشارەت ئێلاخ ژنیا بـۆ(٤)
هاژەی بـەوراوان پـای زاخـەی ئێلاخ
بوینۆ سـەرتیپ ، دەماخ کـەرۆ چـاخ(٥)
**هـەر سـاتێ سەد ڕەنگ فـەڕ وارۆ پێدا**
**سـەرتیپ وە دەماخ بگێلۆ تێدا**(٦)

---

(*) دیسانەوە بۆ شێخ مەحموودی نەمری نووسیوە ... لـە سەرەتـادا نووسراوە : یەعنی سەرتیپ شێخ مەحموود .
(١) سەید ڕەزا : مەبەستی ئیمام ڕەزایە .
سەرتیپ : سەردار ، سەرلەشکر . شی : چوو . کۆهستان : کوێستان.
(٢) وارگەش : هەوارگەی .
(٣) نەوگوڵان : گوڵەتازەکان خاترش : دڵی .
(٤) بەوران : بەفران . شنیا بۆ : پەلی وەشاندبێ .. ئێـلاخ : کوێسـتان .
ژنیا بـۆ : لێ درابـێ .
(٥) پای زاخەی ئێلاخ : لە دامێنی دابڕ و سەختی کوێستانا بوینۆ : ببینێ.
(٦) فەڕ وارۆ پێدا : پیتی بە سـەرا ببـارێ . وە دەمـاخ : بەکەیفـەوە .
بگێلۆ : بگەڕێ .



منتدى اقرأ الثقافي

**شـەو شـنۆی شـەماڵ شـەمیمی وەشـبۆ**

بدۆ نـە شەوبـەند سـەرتیپ تـا وە ڕۆ[٧]

تـا خێزو نـە خاو ، خاس وە پـەرداخ بـۆ

خودا نـەکەرۆ قـەت بـێدەماخ بـۆ[٨]

عـەجـەب کـارێوەن بـۆ ناماتـەوە

مـەیۆ دڵگیر بـۆ نـە دامانـەوە[٩]

کـۆچکـەرە دیدەم چـە نۆ پـەی دامـان

وە ئامای دامان سـارێژ کـە زامان[١٠]

سـەدەلیلـەی ڕەم تیپی غـەزاڵان

گەردی پـای سـەرتیپ نـە چـەم مەماڵان[١١]

سـارای گـەرمیان مات و بێنوورەن

گـەردی پـای فەرەس سەرتیپ جێش دوورەن[١٢]

وارگەی گـەرمیان وە ئـاخو داخـەن

ئاجداخ سـەراپا مـەرگش قەڵاخـەن[١٣]

باڵـەخانـەی چـەم پـای گێلان ئـاوا

---

(٧) شەمیمی وەشبۆ : بۆنی خۆشبۆ · بدۆ نە : بدا لە · شەوبەند : ئەو سرکەیی‌یەی ناوچەوانی پێ ئەبەسترێ ، لێرەدا مەبەستی سەرو کلاوە

(٨) تا خێزۆ نە خاو : تا هەستێ لە خەو · نەکەرۆ : نەکات ·

(٩) عەجەب کارێوەن : کارێکی زۆر سەیرە · نامانەوە : نەهاتووەتـەوە · مەیۆ : ئەبێ · دامان : دامێن و بناری شاخ ·

(١٠) کەرە : بکە · پەی : بۆ · وە ئامای : بەهاتنی ···

(١١) سەر دەلیلەی ڕەم : پێشەنگ و پێشـڕەوی ڕەوە · تیپـی غـەزاڵان : دەستەی ئاسکەکان · نە چەم مەماڵان : لە چاو هەڵئەسوون ·

(١٢) فەرەس : مایین · جێش دوورەن : لێی دوورە ·

(١٣) ئاجداخ : شاخێکە بەرانبەر بە سەگرمەی ناوچەی سەنگاو · قەڵاخەن : ڕەشپۆشە ···



منتدى اقرأ الثقافي

دوودی هەناسەش وە گەردوون یاوا[١٤]
دەستەی غەزالآن هەردان سەرگەردان
مدۆن وە سەردا هەردان وە هەردان[١٥]
مامۆت تەن زوخاڵ ٠٠٠٠٠٠٠
شەو سەرین ، ڕۆ دەشت وە ئەسرین تەڕەن[١٦]

(١٤) گیلان ئاوا : سەرلووتکەی شاخی سەگرمە ، دوودی هەناسەش : دووکەڵی هەناسەی ٠ یاوا : گەیشت ٠

(١٥) مۆن : ئەدەن ٠

(١٦) بۆشاییەکە کوژابووەوە ٠



منتدى اقرأ الثقافي

## _ ٢ _[*]

سـەردارەکـەی خاس تایفـەی قورەیش
دوور بـۆ جـە باڵات قورەیش دوور جە عەیش[١]
ئومێد هـەن وە ذات خالیقی مـەخلووق
کـانی کـۆی کـەرەم ڕازقی مـەرزووق[٢]
دووبـارە جـە تـۆ چـرای ئـەحمـەدی
شـوعلـەڕێش کـەرۆ مـاوای سـەرمەدی[٣]
یـەمین و یـەسار ، مـەشریق و مـەغریب
چـاکیرەن پـەرێت سـەعید و موذنیب[٤]

---

(*) ئەم هۆنراوەیەشی بۆ شێخ مەحموودی نەمر نووسیوە ٠

(١) سەردار : سەرۆک ٠ تایفەی قورەیش : خێڵی قورەیش ، پێغەمەری مەزن ( د ٠ خ ) لەو خێڵەیە ٠٠٠ هەر لە سەرە تاوە ئەم خێڵە پایەی بڵند و ڕێزی تایبەتیی خۆی هەیە و بەردەوام ئەم پایەیـەی پاراستـووە ٠٠٠ بەڵام مەبەستی شاعیر لێرەدا ساداتـی بەرزنجەیـە ، ئـەی سـەرۆکە دڵسۆزو بژاردەکەی هەموو سادات ، دوور لە باڵات ، وا لەبەر دووریت هەمووان وەك مردوویان لێ هاتووە ٠

(٢) هەن : هەیە ٠ خالیق ، خالق : دروستکەر ، بـەدی هێنـەر ، خـوا ٠ مەخلووق : بوونەوەر ٠ ڕازق : ڕۆزی دەر ٠ مەرزووق : ڕۆزی دراو ٠

(٣) چرای ئەحمەدی : سەرەڕای ئـەوەی مەبەسـتی ڕووناکیـی ئاییـنـی موحەممەدە ( د ٠ خ ) مەیەستیشی وەجاخی ڕووناکی کـاك ئەحمـەدی شێخ ) ە ـ باپیری شێخ مەحموود ٠ شوعلـەڕێش کـەرۆ : ڕوونـاك بکاتەوە ٠ ماوای سەرمەدی : هەوارگەی نەبڕاوە و هەمیشەیی ٠

(٤) یەمین و یەسار : ڕاست و چەپ ٠ مەشریق و مەغـریب ( مەشـرق و مەغریب ) : خۆرهەڵات و خۆرئاوا ، چاکیرەن ( وا نووسراوە ، بەڵام بە واتای هۆنراوەکەدا ، من وای بۆ ئەچم وشەی شاکر ـ شاکیر ـ بێ ، بە واتای سوپاسگوزار ٠٠ هـەر هـەمان وشـەی چاکـر ، بە واتـای سوپـاسگـوزار دێ ٠ چاکیـرەن پەرێـت : سوپـاسگـوزارتـن ، سوپاسگوزارتن ، سوپاست ئەکەن ٠ سەعید : بەختیـار ٠ موذنیـب ـ موذنب : گوناهکار ٠



منتدى اقرأ الثقافي

هـەر کـەسێ وەی تـەور مەخلووق پارشـەت
بـێشـکەن خالیق نیگـەهدارشـەن[٥]
دڵ مـەدەر وە غـەم سـەرخێڵی سـادات
ئـەهیمە ئـەجداد مەعلووم هـا جە لات[٦]
بەڵام وەسیەت بۆ ، پاکسزادەی پاك دین
نوطفەی طاهیرەی ( ختم المرسلين )[٧]
هەر ڕۆ یەك جزوێ قورئانـی نووریـن
تیلاوەت کەرە وە دڵەی حەزیـن[٨]
هەر شەو سەعاتێچ ذکری ( الله ) وەس
بدەر نە تۆی دڵ وە ضیقی نەفـەس[٩]
یەعتـی پەنجا جـار نەفـەسێ دەرۆ
مەعلوومەت دەوای بەڵای دڵ کەرۆ[١٠]
دوو ، تەسبیح تەوحید تەفی وە ئیثبات
غافڵ مەوەر لێش ، ڕۆحم بۆ فیدات[١١]
« يومـا فيـوما » سەعاتێـچ درووود

---

(٥) وەی تەور : بەم چەشنە • نیگەهدارشەن : ئاگاداریەتی ، پارێزگاریەتی •
(٦) مەدەر : مەدە • ئەهیمەی ، ئەئیممەی ئەجداد : ئـەو باب باپیرانـەی ئیمام و پێشەوای ئاییني ئیسلامن ،
(٧) وەسیەت بۆ : سپاردە بێ • نوطفەی طاهیرەی : تۆوی بێگەردی ، ختم المرسلين : دوایین پێغەمەرمن ، مەبەست موحەممەدی مەزنە ( د • خ ) •
(٨) جزوێ ــ جوزئێ : بەشێ • تیلاوەت کەرە : بخوێنە •
(٩) سەعاتێچ : سەعاتێکیش • ذکری الله : یادی خوا • بدەر نە تۆی دڵ : بدە بە تویێ دڵتا ، بە دڵتا بێ • پیقی نەفەس : هەناسە تەنگـی ••
(١٠) دەرۆ : بدات ••• کەرۆ : ئەکات •••
(١١) تەسبیح : پێ هاتن بە بێگەردی و پاکیی خوا ••• یاد کردنی خـوا و ەل کەچ کردن بۆی ••• تەوحید : خوا بە یەك زانین ، پێهاتن کە خوا هەر یەکێکە •• نەفی : دانەدواوە ••• ئیثبات : سەلماندن ••• غافـل مەوە لێش : لێی بێئاگا مەیە •••



منتدى اقرأ الثقافي

بکیانە ڵەرەی ذاتی ئەو مەحسوود[١٢]
ئیختیار وێتەن « سلام علیك »
ئیرثی ئەجدادەن « لبیك و سعدیك »

(١٢) یوما فیوما : ڕۆژ بە ڕۆژ ··· بکیانە پەرەی : بنێرە بۆ ·

(١٣) ئیختیار : سەرپشکی ، هەڵبژاردن ··· وێتەن : خۆتە ··· ئیرث : کەلەپووری باب و باپیر ··· لبیك و سعدیك : بەڵێ ئامادەم و بە خۆشییەوە بە دەنگتەوە دێم ··· ئیتر بۆ خۆت سەرپشك بە و سەلامی خوات لێ بێ ، ئەمە کەلەپووری باب و باپیرانمانە ، وا منیش بە شادییەوە بە دەنگتەوە هاتم ·· بەمەدا وا دەرئەکەوێ شێخ مەحموود داوای دوعای خێر و چاکەی لە شاعیر کردووە ··· ئەشکرێ بڵێین : داب و نەریتی باب و باپیرانت وا بووە کە هەمیشە بە دڵ و گیان بەرەوپیریی بانگەوازی خوای مەزن ڕۆیشتوون ···



منتدى اقرأ الثقافي

## پێنج‌ی

## ـ ق ـ

ـ ١ ـ

فەرقی فەوقی فەرق عەرشی موعــەززەم
یە ( نجم و هوی )ی ( شافع الامم )[١]
مەحرەمەکەی خاص ئەسراری ( قەوسەین )
سالاری سەرئێڵ سەرمایەی کەونەیت[٢]
مەحرەم حەقیقەت مەیدانی ( میعراج )
( و ما أرسلناك ) پەی ذاتت ڕەواج[٣]
موقەڕڕەبـی قورب قادری قــودرەت
موعەڕڕەفی حەرف دنیا و ئاخــرەت[٤]
ڕۆحم فیدات بـۆ ( ســید البشــر )
شافیعی موذنب ڕۆی ( یــوم الخطــر )[٥]

---

(*) لە سەردەمی هەڕەتی پیری‌دا ئەم هۆنراوەیەی داناوە ٠

(١) فەرق : تەوقەسەر ٠ فەوق : سەرەوە ٠ فەرقی فەوقی فەرق : لە سەری سەرەوەی ٠ عەرشی موعەززەم : گەورەترین تەخت ، تەختــی خــوای گەورە ٠ نجم و هوی : ئاماژەیە بۆ ئایەتی ( و النجم اذا هوی ـ ) شافع الامم : تکاکاری میللەتات لە ڕۆژی حەشرا ٠

(٢) قەوسەین : مەبەستی ئایــەتی ( فکــان قــاب قوسین او أدنــی ) یــە

(٣) و ما أرسلناك : و ما أرسلناك الا رحمة للعالمین ٠

(٤) موقەڕرەب : نزیك‌خراوە ، موعەڕڕف : زانا و شارەزا ٠

(٥) سید البشر : سەرداری مرۆڤ ، مەبەست پێغەمەرە ( د ٠ خ ) یــوم الخطر : ڕۆژی ترس‌دۆزەخ ، ڕۆژی حەشر ٠



منتدى اقرأ الثقافي

## پیری (*)

## – ر –

– ١ –

ڕاگەی مەینـەتان پیـری نـە وەرەن
یاخوا سا خێر بۆ ئاخـز سەفـەرەن[١]
ڕاگـەی خەتەرنـاك لـواو تامـاتـەن
دەس بەرداری مولّك داری حەیاتەن[٢]
شێویای پیری ، پەشێـو حاڵـە وێـم
ڕیش سپی و ڕووڕەش دڵ مەلاڵە وێم[٣]
وە کەردەی بەدی سەرگەردانە وێـم
ڕووسیای مەجلیس هام دەردانە وێـم[٤]
وە یای زیندەگـی ئیمـڕۆزو فـەردا
مینـای ژیانـی وێـم دا وە بـەردا[٥]
هـەوای شەبابـی ویـەرد جە دەمـاخ

(*) ئەم هۆنراوەیەی بۆ پێغەمەری مەزن ( د • خ ) وتووە •
(١) ڕاگەی : ڕێی • نەوەرەن : لەبەردایە ••
ڕێ پڕ تووشی و سەختیی پیریم لەبەز ، یاخوا سا ئەم دوا کۆ چەم بـە خێر و فەڕ بگەڕێ •
(٢) لوا و ناماتەن : ڕۆیشتن و نەهاتنەوەت • داری حەیات : ماڵی ژیان ••
ڕێ ی سەخت و سامناکی ڕۆیین و نەهاتنەوە ، لەبەرە ، بـەم چەشـنە ئەبێ دەست لە هەموو بوون و شتێکی ئەم ژیانە بشۆی •
(٣) وێم : خۆم • مەلاڵ : داماو ، زویر •
(٤) وە کەردەی : بە کردەوە ، ڕووسیای : ڕووڕەشی •
(٥) فەردا : بەیانی ، سبەینێ • مینا شووشە •• بە هەوا و ئارەزووی ژیانی ئەمڕۆو سبەینێ ، شووشەی ژیانی خۆمم دا بە بـەردا و ورد و خاش بوو •• بڕوانە ل ٣٢ ، ل ٣٩ ••



منتدى اقرأ الثقافي

ها بیم وە هامڕاز کۆکۆی ئـاخ و داخ[٦]
شنـۆی شـەونالـەم وە مـەلالـەوە
سفتەی کۆی جەستەم وە شەماڵەوە ...[٧]

(٦) هەوای شەبابی : ئارەزووی سەردەمی لاوی . ویەرد جـە دەماخ : لـــە کەللەم دەرچوو .

(٧) سفتە : سووتاوی .. دوای ئەم دێڕە ، لە پەراوێزدا نووسراوە : ( هەر لە فیکری ) کە ئەبوایە یەکەم دێڕی لاپەڕەی دوای ئەم ، بەم دوو وشەیە دەستی پێ بکردایە .. بەڵام لە جیاتی ئەمە ، ئەم دوو دێڕەی خوارەوە تۆمار کراون ، بەمەشا دەرئەکەوێ لاپەڕەکە نەماوە : خۆت وە فیدایی ڕۆژی بەتاڵ کەرد شەو دوشمەنت قەت ڕیاسەت نەکەرد تا سەرکۆ نمای جـە کۆنەوارات بێ کیسوەی ڕیسوا نارەوای یاران .



منتدى اقرأ الثقافي

## پێنــی

## ـ ش ـ

ـ ١ ـ(*)

شێخی موهاجر ، مەخروونی مەلوول
نوطفەی طاهرەی ڕەسوولی مەقبــوول
وە سەرگەردت وام عەمۆزای پاكدین
جە سولالەی ساف ـ ختم المرسـلین
پۆست تشینەكەی غـەوسی گەیـلانی
وەكیلـی موتلـەق شـاهـی ولیـاتی
خۆ من جە دووریت خاتـر پڕهوونـم
دیدە پڕ ئەسرین ، خـاتر زەبوونـم
خۆ من جە دووریت ئەسرین ڕێزامـەن
ڕۆح جە یاتاخگـەی یـەدەن بێزامـەن(١)
جە دووریی بـالآت جەرگـم بـڕاوە
پیـــری و نەخـۆشـی بخـەرە لاوە
پەروانەی پەشێو ، پەرداخ بێ پەرداخ
پەڕو باڵ سفتە ، كەفتەی تۆی یاتاخ

(*) ئەم هۆنراوەیە بە خەتی كاكستا رفاتح نووسراوەتەوە ، بەلام لە دەسخەتی شاعیردا بەرچاوم نەكەوتووە ٠٠ لە پەراوێزا نووسیویەتی : سەودایی ئەم پارچە شیعرەی بە بۆنەی چوونی شــێخ قادری شــێخ كـەریمی ـ كەسنەزانەوە وتووە ، كە چووە بۆ پیران ٠

(١) ئەسرین ڕێزامەن : فرمێسك ڕشتنمە ٠٠ خۆ من لە بەر دووریت هەمیشە هەر فرمێسك ئەڕێژم و ، گیانیشم لە قاوغی لەشم بێزارە و هەوارگەی خۆی بێزراوە و لە بەرچاوی كەوتووە ٠



منتدى اقرأ الثقافي

پیری تاڵە شووم ، سەرگەردانی دەرد
ڕەفیق و موئنیس هەناسانی سەرد
چەم وە ئینتیزار ڕاگەی نوورینت
هەڵوەدای بۆسەی شەوقی جەبینت[٢]
ئیسەش ئەی ئازیز وە جوابی نامەم
ڕەش ئەکەی دڵی سووتاوی ماتەم

(٢) چەم وە ئینتیزار : چاوم چاوەڕێی .. هەڵوەدای بۆسەی : هەڵەداوانی ماچی ، پەرۆشی ماچی .



منتدى اقرأ الثقافي

## – ٢ –(*)

شای نەونەمامان ، سەرخێڵی سادات
نەتیجەی سەرتیپ « یوم العرصات »(١)
ئاخ سەد جار جە داخ مەرگی بێوادەت
شێوەی هامدەبیت شی پەی قیامەت(٢)
چێش واچووم ئازیز جەی چەرخی چەپگەرد
وە ئاهی دەروون هەشیش شۆ وە گەرد(٣)
نەو دەستش نییەن ، ئاخر کارشەن
چەند نەو نەمامان بەستەی تارشەن(٤)
دەك وە قەقنەس وای بێ یەدکێش
سەد دڵ وە تیرێ دای وە نووکی نێش(٥)
تەپڵی کۆچی تۆ دنیا کەرد ماتەم

---

(*) بۆ شێخ مەحموودی گەڕەزیلیوتووە ، کە لە ئاژاوەیەکی ناوخۆدا ، لە ساڵی ( ١٩٢٥ ) دا کوژراوە ·· ناوبراو خۆشەویست و خزمی سەودایی بووە ·· « لە دەسنوو ـ سەکەی کاك ستارەوە ·· »

(١) سەرتیپ : سەردار ، سەرگەورە ، پێشڕەو · یوم العرصات : ڕۆژی زیندوو بوونەوە و هەستانەوە ··

(٢) شی پەی : چوو بۆ ··

(٣) چێش واچووم : بڵێم چی ·· هەستیش : بوونی ·· شۆ وە گەرد : ببێ بە تۆز و گەرد ·· بە لای منەوە ئەشێ وشەی « گەرد » ( هەرد ) بێ ، ئەوسا واتاکەی وای لێ دێ : بە ئاهی گەرمی دەروونم بوونی ببێ بە خۆڵەمیش و بدرێ بە بادا و بە سەر هەردەکانا پەرش و بڵاو بێتەوە ··

(٤) نەو دەستش نییەن : یەکەم دەست وەشاندن و کردەوەی نییە ·· بەستەی تارشەن : دیلی زیندانی تاریکین ··

(٥) وە قەقنەس وای : بە قەقنەس بی · نێش : نەشتەر ·· نیوەی یەکەمی ئەم دێڕە لەنگە ، دیارە دوای وشەی « بێ » وشەیەك نەنووسراوە ، ئەشکرێ ئەو وشەیە ( عەهدی ـ یا ·· وەفای ) بێ ·



منتدى اقرأ الثقافي

نازاران پێکیا نه تۆڕدامی خەم[٦]
هامسەران حەزین ، یاران ماتەمەت
شێوەی هاوەدەمی تۆ لیشان کەمەن[٧]
دیدەی ئازیزان جه دووریت تارەن
هامسەران یەك یەك خاتر ئەوگارەن[٨]
هەر سالّ وەهاران ، سەرکۆی قەرەداخ
وه گولّگەشتی کۆ دەماخ مەکەرد چاخ[٩]
ژەرەژ کۆسارات تابەندی ئێلاخ
پەی دینی بالآت وێشان دان پەرداخ[١٠]
دیدەشان وه هەرس هوونەی هوون ڕەشتەن
ماچی ئەویچ دەرد تۆ پێشان وەشتەن[١١]
زار زار مەنالّۆن جه سینەی پەڕ خالّ
سارا و کۆ و کەمەر مەوان وه زوخالّ[١٢]

---

(٦) نازاران پێکیا نه تۆر دامی خەم : نازدارەکان ئالآنه تۆڕ و داوی خەم ‥ ئەم دێڕە هەر هەمان دێڕی شانزەیەمە لە هۆنراوەی « مەحموودی مەحبووب » ‥ لەجیاتی « خەلعی » لێرەوشەی « کۆچی » نووسراوە ‥ بڕوانە ل ٩٩ ٠

(٧) حەزین : داماو ، زویر ٠

(٨) تارەن : نابینا و تاریکە ‥
خاتر ئەوگارەن : دلّ تەنگن ‥

(٩) وەهاران : بەهاران ‥ ئەم دێڕە لە هۆنراوەی « مەحموودی مەحبووب » دا ، دێڕی ( ٢٨ ) ەمە ، وا لێرەدا ، کەمێ گۆڕینەوە دووبارە بووتەوە ٠

(١٠) پەی دینی : بۆ بینینی ٠ وێشان دان پەرداخ : خۆیان ڕازاندۆتەوە ‥ نیوەی یەکەمێ ئەم دێڕەش ، نیوەی یەکەمی دێڕی بیست و نۆیەمی هۆنراوەی باس کراوە ٠

(١١) وه هەرس : بە فرمێسکی ٠ هوونەی هوون : قولّپی خوێن ٠ ڕشتەن : ڕەشتووە ٠ ماچی : ئەلّێی ٠ پێشان وشتەن : بە سەریانا باریوە ٠

(١٢) مەنالّۆن : ئەنالّێنێ ٠ مەوان : ئەبن ٠ زوخالّ : خەلّووز ٠



منتدى اقرأ الثقافي

حەیفت هەر ئێد بی نەمامی نـەوڕەس
پەی ڕای پڕ خەتەر مەیل نەدای وە کەس(١٣)
یەکجار بێمەیلیت شین وست وە دنیا
وە نەریـاد ئامـان مەلـەك جە سـەما(١٤)
نازارات پڕداخ ، تەعقیب نە گەردەن
حووران وە دەماخ ، « الینا » کەردەن(١٥)
ئومێد هەن جە لات ئازیزی گیانـی
یەکجـارێ جـە گـۆ بـالآت ینمـانی(١٦)
وەڵ سارێش بۆ زام گردین دڵڕێشـان
ساکن وان جە غەم هەر کەس پەی وێشان(١٧)
وەش کەری خاتر وە ئیم نیگای مەیـل
چەمەی چەم لێڵەن دڵ جە غەمدا کەیل(١٨)
ئەڵبەت « ئیسماعیل » شێویای فیەراقەت
وەرنە ئەی تەکلیف «مالایُطاق » ە ن(١٩)

---

(١٣) ئێد بی : ئەمە بوو ٠ پەی : بۆ ٠
(١٤) شین وست : شینی خستە ٠ وە فەریاد ئامان : کەوتۆتە هاوار و داد ٠ مەلەك : فریشتە ٠ جە سەما : لە ئاسمان ٠
(١٥) تەعقیب نە گەردەن : کۆسپیان لە ڕێدایە ٠ « الینا » کەردەن : ئاماژە ( ئیشارەت ) ئەکەن و ئەڵێن وەرە بۆ لامان ٠٠ واتە : نازدارەکان بـە ئاواتن کە بێن بۆ لاتو بە دیدارت شاد بن ، بەڵآم لەبەر ئەوەی کۆسپیان لە ڕێدایە و ناتوانن ، زۆر بە داخ و خەمبارن ، لەو لاشەو فریشتەکان خۆشییانە و هەموویان بە دیدارت شادن ٠
(١٦) هەن : هەیە ٠ جە لات : لە لات : جە نۆ : لە نوێ ٠ بنمانی : بنوێنی ٠
(١٧) وەڵ ، بەڵ : بەڵکو ٠ گردین : هەموو ٠ ساکن وان : ئارام بن ٠ پەی وێشان : بۆ خۆیان ٠
(١٨) وەش کەری خاتر : دڵ خۆش بکەی ٠
(١٩) شێویای فیراقەن : شێواوی دووری و لە یەك برانە ٠ وەرنە : ئەگینا ٠ ئەی تەکلیف : ئەم بارە گرانە ، ئەم کۆسـتە ٠ « مالا یطـاق » ە ن : لە تواناداا نییە ٠



منتدى اقرأ الثقافي

سەد جار نازاران شەیدات پەی دینت
پەی ڕێزەی ڕازات شێوەی ڕەنگینت[٢٠]
ئاڵـەم وە داخـەن جە داخـی باڵات
ڕۆی ڕۆشن تارەن بێ شنۆی کاڵات[٢١]
کردگاری ئەزەل وەی طەور کەرد قەدەر
وە سۆ بۆ ئەی زام ، تا « یوم الخطر »[٢٢]
ئومێد هەن وە لوتف شای قەوسەین مەقام
جەو باخچەی جەنەت بیاوۆ وە کام[٢٣]
**چون جەی دنیای دوون ویەرد جە ناکام**
جەستەش جە ئاهیر دۆزەخ بۆ حەرام[٢٤]
تەئریخش جە بیست ، هەم شەش مەشهوورەن
مەحموود هام ڕەفیق غیلمان و حوورەت[٢٥]

---

(٢٠) پەی دینت : بـۆ دیتن و دیدارت • ڕێزە : لێرەدا مەبەست دانەی مرواری‌یە •• ڕاز : گفتوگۆ •

(٢١) ئاڵەم ، عالەم : هەموان • تارەن : تاریکە ــ شنۆی کاڵات : شنەشنی بەرگت •

(٢٢) وەی طەور ، تەور : بەم چەشنە • وە سۆ بۆ : بەسوێ بێ • یوم الخطر : مەبەستی ڕۆژی قیامەتە •

(٢٣) بیاوۆ وە کام : بە ئاوات بگا •

(٢٤) چون : چونکە • دوون : هێچو پووچ • ویەرد : ڕۆی ، تێ‌پەڕی • جە ناکام : لەپڕ ، لەناکاو • ئەشکرێ ( بەناکام ) بێ ، بە واتای : نائومێد • ڕەنجەڕۆ •

(٢٥) بیست ، هەم شەش : بیستی مانگی شەشەشەم ، واتە حوزەیران • نیوە دێڕی دووەم ، کە بە ڕێنووسی کۆت و شێوە عەرەبی نووسراوە « محمود هام رفیق غلمان و حورن » بە حسابی ئەبجەد ئەکاتە ساڵی ١٩٢٥ ، واتە ١٩٢٥/٦/٢٠ ڕۆژی کوشتنی شێخ مەحموودی گەرەزیلی‌یە •



منتدى اقرأ الثقافي

## پیتی

## - خ -

- ١ -(*)

خاڵۆی تەسکین بەخش دڵ پەڕ زوخاوات
گڕەی کۆی هەستیم کەزدوون شکاوان(١)
ناڵەی ئاخوداخ ، هوونەی هەرسی چەم
گەرداوو گێچداو گێجیای لوولەی عەم(٢)
خەریکـی ئـازار دەردی فیراقـم
تاقـی تـای تاقـەت نـە تاقـەت تاقم(٣)
ئاڵەم بێزارەن جـەی گشـت دەردەوە
مەر هەی کەروون کۆچ ئەو کۆی پەردەوە(٤)

---

(*) ئەم هۆنراوەیەی بۆ مەولەوی نووسیوە و لە ڕووی نازەوە مەولەوی بـە ( خاڵۆ ) ناو ئەبا ٠٠

(١) تەسکین : ئارام ٠ شکاوان : شکاندوویەتی ، شەق کردووە ئـەی ئـەو خاڵۆیەی کە مایەی ئارامی دڵەپڕ زوخاوە ــ کانی ، واهانام بۆ لای تـۆ هێناوە ، کڵپە و گڕە و شاڵاوی بوون و هەستیم ئەوەندە بەرزە ، لـــە تەختی گەردوونیش سەری کردووە ٠

(٢) گەردا : لوولی خوارد ٠ گێچ دا : گێژی دا ٠ گێجیای : گێژ و بێچی ٠٠ هـەسی هاوار و ئاخ و داخم ، تێکـەڵ بـە قوڵپ و لافاوی فرمێسکی دیدەم ، لوولیان خواردو گێژ و پێچی بە خوریان زۆریان هێنا و گەردە لوولی گەورەی خەمیان پێکهێنا ٠

(٣) فیراق : دووری ٠٠ تاقی ، تەحقیق : بە ڕاستی ٠ نە تاقەت : لە توانادا ٠ تاقم : تاکم ٠ بە دەردی جیابووتەوە و دووری ــ یەوە بە جـۆرێ گیرم خواردووە ، تەنیا هەر من کە ئەم

(٤) ئاڵەم ، عالەم : جیهان ٠٠ لە بەر هاوار و ناڵە و جۆشـی دەردم جیهـان بێزار بووە ، ناچارم ، مەگەر کۆچ بکەم بەرەو ئەودیوی پەردەی ژیان ؛ واتە بەرەو مەرگ ٠



منتدى اقرأ الثقافي

یەکجار جە دووریت تای حەیات بڕیات
کوورەی ئارەزووی تۆی دەروون گڕیان[٥]
مودارام چێشەن ئەفلاتـوون کەمـاڵ
حەکیمەکەی دەرد ، خاڵۆی کۆی زوخاڵ !![٦]

(٥) بڕیان : بڕاوە ، پچڕاوە · گڕیان : گراوە ، گری تێبەربووە ·
(٦) مودارام چێشەن : بە چ شێوەیەك هەڵبکەم !! چارەم چییە ! ···
( مەولەوی ) ی نەمریش بەم هۆنراوەیە وەڵامی ئەداتەوە : تۆی دەروون وە ئێش زامانی خەتەر کەیلەن جە هوونـاو ، مەوجش وستۆ سـەر[١] هاژە بەست وە سەر گشت کۆنە زامان کولیانۆ جە نۆ ، سەر کەرد نـە دامان[٢] کزیان و چزیان ، قرچەش دا نە جـەرگ قەڵـوازەی زوخـاو ڕەنگین کەردش بەرگ[٣] وەشتەرەن ئازیز مەرگ جـەی ژیانـە هــەر ساتێ سەد ڕەنگ مەگری بەهانە[٤] شەوان جارییـە زوخـاو جە زامـان ڕووان ئەسرینان تەڕ کەردەن دامان[٥] ئازیز سا وەسەن ، ئاخر نەفەسەن چکەی زۆخی جەرگ ، هەرس چەم وەسەن[٦]



منتدى اقرأ الثقافي

خەزان دڵرێشەن ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ ۰(*)
غەمی هیجرانی خـەزان دڵرێشـەن
سەمای حوزنی من ئەم ساڵ پڕ ئێشەن
قەڵەك پەی ئێمە دایم بەكێشـەن[1]
هەیاهووی شیوەن ماتەمیی دۆسـەن
ەەیلی لیقای حەق شەهیـدی بۆسـەن
قیامەتی خـەم هێـرش ئـاوەردەن
پەی كۆچی ئازیـز شادیـم ویـەردەن[2]
جە تاو كۆسی دڵ سۆزیام چوون قەقنەس
شادیی یەكجاریم یەرشییەن جە دەس[3]
ئامان هەی یاران خەم چـی پێ كـەردەم
ڕیشەی زیندەگیم لە ێیـخ ئـاوەردەم
جەفای ڕۆژگاران ، نالەی شەو گاران
زۆرم چەشتەن من پەی كۆچی یاران
ئەمما كۆستی وا بە ناسـۆر و خـەم
تووڵی عومری وێم نەمبینـی وە چـەم
تۆ شاد بی وەو كۆچ ، مەیلی حەقت كەرد
ئێمەیچ پەی هیجرت غەم نۆشین و دەرد
ئیسە هـای ئازیـز خەمـی دینمـەن
زایەڵـەی دووری وەختـی شینمـەن
كێ بێ بە ئیحسان كەس و خزمـی وێش

(١) مەوحش وستۆ سەر : شەپۆلی سەری گرد ۰
(٢) كولیانۆ : كولاوەتەوە ۰ نە دامان : لە دامێن ۰
(٣) قەڵوازە : قەڵپەزە ، قولب ۰



منتدى اقرأ الثقافي

بکەرۆ تەمکـین ئادابـی دەروێش(٤)
کێ بێ دڵ وەشکەر هـەژار و گـەدا
کێ بێ بە تاعەت ڕازیکـەر خـودا(٥)
کێ بێ بەرمگێڕ مەجلیس خاس و عـام
کێ بێ بۆ مـەردوم عالـم و ئیمـام(٦)
ئەی شێخی پاك دین ، ساحێب تەریقەت
مەئوای بێ‌کەسان ، شەیدای حەقیقـەت(٧)
ظاهر و باطن مەحبووب خودا بـووی

---

(٤) وەشتەرەن : خۆشترە · مەگری بەهانە : بیانوو ئەگری ·

(٥) جارییەن : ڕۆئەچێ · ڕووان : ڕۆژان · ئەسرینان ، فرمێسکەکـان ·
دامان : دامێن :ـ لە شوێنێکی تردا و هەر بە خەتی شاعر ، ئەم تاکە بەم چەشنە نووسراوە :

چوون زۆخ جارییـەن شـەو جـە زامـانـم
وە ئـەسـریـن تـەرەن ڕووان دامـانـم

(٦) وەسەن : بەسە · ئاخر نەفەسەن : دوا هەناسەیە ·· هەرسی چـەم : فرمێسکی چاو ··· خۆشەویستەکەم ، دەردی تۆش بوو بە سەرباری دەردی گرانم ، وا دوا هەناسەمە و ، من بۆ خۆم چکە و تنۆکی زوخاوی چەرگم و لافاوی فرمێسکی چاوەکانم بەسە ···

(*) ئەم هۆنراوەیە وەیەشم لە دەسنووسی شاعیردا بەرچاو نەکەوت ، بـە خەتی کاك ستار فاتح نووسراوەتەوە و لـە پەراوێـزا نـووسیویـەتی : سەودایی ئەم شیعرەی بە بۆنەی کۆچی دوایی باوکیەوە « شێخ حەسەنی کوڕی شێخ حسەینی کەسنەزان » ە وە داناوە ·

(١) بە کێشەن : بە کێشە و گۆیەندە ·

(٢) ئاوەردەن : هێناوە · ویەردەن : نەماوە ، بەسەرچووە ·

(٣) سۆزیام : سووتام · بەرشییەن : دەرچووە ·

(٤) وێش : خۆی · بکەرۆ تەمکین : بەجێ بهێنێ

(٥) وەشکەر : خۆشکـەر ·

(٦) خاس و عام : تایبەت و گشتی · مەردوم : خەڵك · ئیمام : پێشەوا ·

(٧) مەئـوا : پەنـا ·



منتدى اقرأ الثقافي

له ناو عالمان پاك و جودا بووی[٨]
وەشیی ( قەراخ ) و ( خاویٚ ) و ( کەسنەزان )
پەی نووری تۆ بوو نمانای ڕیضوان[٩]
سینەکەی ساف و سیمای نوورینت
دەلیلی حەقەن پەی خاسی دینت
جە دمای بالآی تۆ زاریم بێ حەدەن
شین و ڕۆڕۆی من تا ڕۆی سەرمەدەن[١٠]
ڕۆ هەی ڕۆ شێخی پڕ کەمالم ڕۆ
وەشیی زیندەگی و ڕۆی ئیقبالم ڕۆ
**ستارەی بەخت و کامی ژینم ڕۆۆ**
**ساحێب تەکیە و سان دنیا و دینم ڕۆ[١١]**
پەروانەی نووری تەریقەتم ڕۆ
شاسواری ڕاگەی حەقیقەتم ڕۆ
بولبولی باغی شەریعەتم ڕۆ
زانای لە خواترس بەتاعەتم ڕۆ ،
**ئەی عالی نەسەب ، زانای پڕ کەماڵ**
شێخی بەهرەودر ، پەی ڕاستی عەوداڵ
بە لوایت زەمین وێرانەن یەکسەر

---

(٨) ظاهر و باطن : ئاشکرا و پەنهان • جودا : جیا •

(٩) وەشیی : خۆشیی • ناو کەوانەکان ناوی شارۆچکە و گوندن ••• بە نوور و ڕۆشنایی تۆ بوو خوای گەورە خۆشیی خستە قەرەداخ و خاویٚ و کەسنەزانەوە •

(١٠) جە دمای : لە دوای • زاریم بێحەدەن : شیوەنم بێ ڕادەیە • تا ڕۆی سەرمەدەن : تا ڕۆژی هەستانەوە بەردەوامە •

(١١) ستارە : ئەستێرە • کام : ئاوات • سان : دارایی ، توانا •



منتدى اقرأ الثقافي

**ئەی سۆزیای عەشق خودا و پەیغەمبەر**[12]
ڕووت نا وە ڕووی حەق وە دڵوەشەوە
ئێمەش وە حەسرەت وە پەرۆشەوە
وادەی ئەلـوەدای ئێمـەت نا بنیـاد
شاد بی وە لیقای ئەو ( رب العبـاد )[13]
ئیسە ها ئازیـز وادەی هیجرانـەن
ئەلوەدای یەکەم ئاخر دیـدارەن[14]
**مەر ڕۆی قیامەت وە دینت شاد بـم**
ئەبـێ تا ئەوسـا هەر نامـوراد بم[15] .

---

(١٢) به لوایت : به ڕۆیشتنت ، کۆچت . سۆزیای : سووتاوی .
(١٣) وادەی : کاتی . ئەلوەدا ، ئەلوەدا : ماڵئاوایی . نا بنیاد : دامەزران ؛ دیارکرد . لیقا : بەیەك‌گەیشتن . رب العباد : خوای هەموو بەندەگان ..
تۆ بۆ خۆت شاد بوویت و بە خوای گەیشتی ، بەم کۆچکردنەت کاتـی کۆچ و مـاڵ ئاوایی ئێمەشـت دەسنیـشان کـرد و بـەزەو دوا کـۆچ وریات کردینەوە .
(١٤) ئەم ئاکە سەروای تەواو نییە و لەنگە .
(١٥) ناموراد : نائومێد .

# سەرچاوەکان

**سـەرچـاوەکـان**

١ ــ دەسنووسـی شاعـیر .
٢ ــ دەسنووسی کاك ستار فاتح ، کە لە بنەماڵەی شاعیرە .
٣ ــ مەلا عبدالکریم مدرس ــ دیوانی مەولەوی چاپی ساڵی ١٩٦١ ..
٤ ــ شێخ طاهر ــ کوڕی شاعیر ، دەربارەی ژیانی شاعیر گەلێ زانیاریم لێ وەرگـرت ..
٥ ــ ڕۆژنامەی ژین ...

**عوسمان محەممەدساڵح هەورامی**
**سلێمانی ١٩٨٦/٧/١٠**



منتدى اقرأ الثقافي

جمهورية العراق
وزارة الثقافة والاعلام
دار الثقافة والنشر الكردية
التسلسل (٢٩٨)

# ديوان سَودايىّ

الشيخ اسماعيل الشيخ حسن الكسنزاني

جمع وتحقيق
عثمان هورامى

دار الحرية للطباعة

منتدى اقرأ الثقافي